Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.6

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Shakhawan Abdullah Sabir
Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

RECEIVED :03 /11/2024
ACCEPTED :20/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# ڕۆڵی بەشی کوردی لەپەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پترسبۆرگ لەبواری  توێژینەوە لەمێژووی کورد  1959-1985

**شاخەوان عبداللە صابر/** بەش مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەولێر،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
کوردناسی،
خەزنەدار،
ئۆربیلی،
ڕۆدێنکۆ.
فاسیلێفا.

## پوختە

ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ڕوسیا  دواتریش سۆڤییەتی لەپێشەنگی وڵاتانی ئەوروپی دێن لەبواری توێژینەوە کردن لە بوارەجیاوازەکانی مێژوو ،ئەدەب، زمان کەلتوری کوردی، دەستپێکی بایەخدانی دەسەڵاتدارانی ڕوسی بەم بوارە بەشێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی  نۆزدەم، لەم ڕووەوە کۆنسوڵی ڕوسی لە ئەرزەڕۆم  ئەلیکسەندەر ئۆگست ژابا(1801-1894) بە یارمەتی مەلا مەحموودی بایەزیدی ڕۆڵی گەورەیان گێراوە لەکۆکردنەوەی دەستنووسی دەگمەن دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی، دوای ئەویش هەوڵەکانی ڕۆژهەڵاتناسان ، ف. دیتیل، ، پیۆتر لێرخ، خاچاتۆر ئابۆفیان، چەندانی تر،  پاشان هەریەک لە کوردناسان ڤلادمیر مینۆرسکی، باسیل نیکتین،یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی ...هتد، کاری گەورەیان لەبواری لێکۆڵینەوەی کوردناسی کردووە، ساڵی1959 هەوڵەکان لەم بوارە لەگەڵ کردنەوەی بەشی کوردناسی لەپەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لە سانت پترسبۆرگ تەکانێکی گەورەی بەخۆییەوە بینی،کاتێک بایەخدان بەبواری کوردناسی بە شێوە زانستیەکەی لەچوارچێوەی دامەزراوەیێکی زانستی فەرمی زیاتر ڕێکدەخرێ. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بە ئاراستەی بەدیار خستنی ڕۆڵ وکاریگەری ئەم دامەزراوە زانستیە لەماوەی ساڵانی 1959-1985 کە بەیارمەتی چەند کەسایەتێکی کوردناس ودۆستی کورد بووە ناوەندێکی گرنگی زانستی، بۆ لێکۆڵینەوە کردن لە بوارەکانی مێژوو، ئەدەب، زمان وژیانی کۆمەڵایەتی وکەلتوری کورد

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.  https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

کوردناس ورۆژهەڵاتناسی ڕووسی ودواتریش سۆڤییەتی خزمەتی گەورەیان بە بووارەکانی ئەدەب ، زمان ، مێژوو ، لایەنی کۆمەڵایەتی وکەلتووری کوردی کردووە، جیا لەوە، لەڕێگای پارێزگاریکردنی دەستنووس و سەرچاوەی گرنگ لەکتێبخانەو نێوەندە ئەرشیفیەکانیان بەشێکی مێژووی کوردیان لەفەوتان ڕزگار کردووە، لەدوای دامەزراندنی بەشی کوردی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پترسبۆرگ لە ساڵی 1959 کارکردن لە بوواری کوردناسی هەنگاوی گەورەی هاویشت، ئەویش بەهۆی قوڵکردنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی وکار کردن لە سەر مێژووی زارەکی ودەستنووسەکان وزیندوو کردنەوەی مێژووی ئەدەبی کلاسیکی، لەگەڵ بووار ڕەخساندن بۆ بەشێک لەخوازیارانی خوێندنی باڵا بۆ تەواوکردنی خوێندن لەم ناوەندە زانستیە، ئەوەش ڕۆڵی خۆی بینی لە برەودان بە بواری کوردناسی.

**گرنگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە کارە زانستیەکانی بەشی کوردی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیایزانستی لەسانت پترسبۆرگ لەبواری مێژوو لەماوەی هەردوو خولی سەرۆکایەتی بەشەکە، ماوەی سەرۆکایەتی (یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی 1959– 1961، ماوەی دووەم لە1961 تا مردنی قەنانی کوردۆ(کوردۆیڤ) لەساڵی1985 بکۆڵێتەوە، لەم ماوەیە کاری گەورە سەبارەت بەمێژووی کوردی کراوە.

ئامانجی توێژینەوە: وەستانە لە سەر گرنگترین کارە زانستیەکانی بەشی کوردی لە ماوەی 1959–1985 لە بواری مێژووی کوردی نوێ وهاوچەرخ وگرنگترین میکانیزمەکانی ئەم بایەخدانە لەگەڵ هەوڵانەی لەم بوارە دراون.

خستە ڕووی سەرچاوەکان: لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوە بەستراوە کە لەلیستی سەرچاوە ئاماژەیان بۆ کراوە، لەوانەش ئەرشیفی دوو لەو کەسایەتیانەی کەخوێندنی باڵایان لەبەشی کوردی تەواو کردووە ئەوانیش هەریەک لە مارف (خەزنەدار وجەمیشد حەیدەری)ین ، هەروەها لەو سەرچاوانەی زیاتر پشتیان پێبەستراوە جیا لەو کتێبانەی کە لایەن قوتابیان و کارمەندانی زانستی ئەم بەشەوە نووسراون، کتێبی (بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا) لەنووسینی کۆمەڵێک نووسەرانی کوردە، تێدا کورتەیەک لە مێژووی کوردناسی لە ئەوڕوپا لە نێویشیاندا سۆڤییەت خراوەتە ڕوو، بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە کە دوو لە نووسەرانی لە دەرچوانی ناوەندە زانستیەکانی ئەم وڵاتەن، ڕۆڵی گەورەیان دیووە لە بەرەو پێشبردنی بواری کوردناسی وجێگای دەستیان دیارە ئەوانیش(کوردۆیڤ و ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ن، بەتایبەتی بابەتی (لەبارەی کوردناسییەوە لە رووسیا ویەکێتی سۆڤییەت) کە لەلایەن ئەوەی دواییانەوە نووسراوە پوختەیەکی دەربارەی کوردناسی و مەڵبەندەکانی لەم وڵاتە خستۆتە ڕوو، لە نێویشاندا مەڵبەندی سانت پترسبۆرگ.

کتێبی (بەرهەمەکانم لە بارەی کوردناسییەوە) لە نووسینی ئەوڕەحمانی حاجی مارف، یەکێکی دیکەیە لەسەرچاوە بەکار هاتووەکان، کە کۆی بەرهەمەکانی نووسەر لە بواری نووسین وەرگێران وکتێب ولێکۆڵینەوە خراوەتە ڕوو، بایەخی لەوەدا بەدیار دەکەوێ نووسەرەکەی جیا لەوەی دەرچووی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لینینگرادە، هاوکات ڕووسیزانێکی باش بووە ماوەی 13 ساڵ لەم وڵاتە ماوەتەوە، بۆیە سەرچاوەیەکی گرنگی نووسینەوەی توێژینەوەکەمان بووە. هەروەها سوود لە کتێبی ( وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست وپاشکۆیەک) لەنووسینی( م. ب. ڕۆدێنکۆ)، کە یەکێک بووە لە توێژەرە چالاکەکانی بەشی کوردی، شوێندەستی لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردییدا دیارە، کتێبەکە جیا لە کۆمەڵێک بابەت وتوێژینەوە، پێکهاتووە لە پێشەکیەک لە نووسینی (ژ. س موسائیلیان) کە قوتابی ڕۆدێنکۆ بووە، لەگەڵ نووسینی پاشکۆیەک لەلایەن ئەنوەر قادر محەمەد، ئەوەش بایەخی سەرچاوەکەی زیاتر کردووە. هەروەها کتێبی ( بیبلیۆگرافیای کوردناسی کوردو کوردستان لە سەرچاوە ڕووسییەکاندا) لە نووسینی موسائیلیان، گرنگی زۆری هەبووە، بەو پێودانگەی ناوبراو ئەندامێکی کارای بەشی کوردی بووە، ئاگاداری وردەکاری و کارە زانستیەکانی بەشەکەی بووە، لە سەرێکی دیکە کتێبەکەی کورتکراوەی کۆی بابەتی کوردناسی لەسەدەی 16 تاوەکو ساڵی 1985 لە خۆگرتووە. یادداشت وبیرەوەرییەکانی قوتابیانی دەرچووی سۆڤییەت سەرچاوەیەکی تری نووسینی ئەم توێژینەوەیە، بایەخیان لەوەدا دەرکەوێت یادداشت نووسەکان لەناو کەش وهەوای زانستی بەشەکە بوون، سەرنج وتێبینی وردیان دەربارەی چالاکیە زانستیەکانی بەشەکە تۆمار کردووە،یەکێک لەوانە(مارف خەزنەدار)ە کە لە کۆی 7 بەرگی یادداشتەکانی دووبەرگ (3–

4) بە ناوی (ڕۆژگاری من ژیانی روسیا (1968-1960A-B) تەرخان کردووە، هەروەها یادداشتەکانی هەریەک لە جەمشید حەیدەری وکاوس قەفتانیش سوودی بۆمان هەبووە. جیا لە سەرچاوەی نووسراوی تر( کتێب، گۆڤار)، بۆ پڕ کردنەوەی هەندێک کەلەبەر ونەبوونی زانیاری لە سەرچاوە نووسراوەکان، توێژەر پەنای بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک چاوپێکەوتنی کەسی وپەیوەندی تەلەفۆنی بردووە، بایەخیان لەودا دەردەکەون کە ئەوانەی چاوپێکەوتن یا پەیوەندیان پێوەکراوە جگە لە یەکیان( د.بنیاد مارف خەزنەدار) هەموویان لەدەرچووانی ناوەندە زانستیەکانی سۆڤییەتین، لە نێویشیاندا بەشی کوردی، لەم ڕووەوە سوود لە زانیاریەکیان وەرگیراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە جیا لە دەروازە، دابەشی سێ تەوەرە کراوە، لە دەروازە چەردەیەک لەزانستی کوردناسی لەڕووسیا ویەکێتی سۆڤییەت هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم تاوەکو کردنەوەی بەشی کوردی لە سانت پترسبۆرگ لە 1959 کراوە. کردنەوەی بەشی کوردی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لە سانت پترسبۆرگ کراوە ناونیشانی تەوەری یەکەمە، لە تەوەری دووەم لەسەر گرنگترین کەناڵەکانی خزمەتکردنی بەشی کوردی بە بواری مێژووی کورد وەستاوین، لەوانە بەشداریکردن لەکۆنفڕاس وکۆبوونەوە زانستیەکان وسەردان ومیوانداریکردنی کەسایەتیە کوردییەکان وئەنجامدانی چالاکی زانستی، هەرچی تەوەری سێیەم کۆتاییشە کە پانتایێکی گەورەی توێژینەوەکەی گرتووە، هەڵوێستە لەسەر بوارەکانی توێژینەوە لە مێژووی کورد کراوە، لەوانە مێژووی ئەدەب ومێژووی نوێ وهاوچەرخی کورد .

**میتۆدی توێژینەوە:** لە نووسینی توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی شیکاری مێژوویی بەستراوە، هاوتەریب بۆ ڕوونکردنەوەو وهەڵسەنگاندنی کارە زانستیەکانی توێژەرانی ئەم بەشە پەنا بۆ میتۆدی بەراوردکاری و ڕەخنەیی براوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** بۆ گەیشتن بە هەندێک دەرئەنجامی دروست، توێژەر بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە گەڕاوە.

-1 ڕۆڵ وکاریگەری بەشی کوردی لە برەو دان بە مێژووی کورد وناساندنی بە جیهانی دەرەوە بەتایبەتی بە سۆڤیەتییەکان چی بووە؟

2- لەگەڵ ئەوەی بوارەکانی مێژووی کۆن وناوەڕاست(ئیسلامی) لەبەرنامەی گرنگی پێدانی ئەم بەشە بووە، بەڵام کەمترین لایان لێکراوەتەوە.

## دەروازە: سەرەتاکانی گرنگی دانی ڕووس و سۆڤییەتەکان بەزانستی کوردناسی

کوردناسی زاراوەیەکی نوێیە مەبەست لێی، ئەو زانستەیە بایەخ و گرنگی بەبوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی گەلی کورد دەدات لەوانە زمان، ئەدەب، فۆلکلۆر،مێژوو، ژیانی سیاسیی وکۆمەڵایەتی ( محەمەد و ئەوانیتر،1974، 4-5 ؛ پیربال،9،2006). سەبارەت بە سەرەتاکانی زانستی کوردناسی لە لای ئەوروپییەکان بەلای توێژەرێکەوە، چەمکی کوردناسی گرێدراوی قۆناغ و سەردەمەکانی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسیە کە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی ژیاری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتە، کەلەلایەن زانایانی ڕۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاست تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم برەوی پێدرا. هەر لەبەر ئەوەیە ڕۆژهەڵاتناسیی وەک " پەراوێزێکی(کاڵ) و (پاوان)ێکی پاکنەکراوە ودرەنگ وەختەی(ڕۆژهەڵاتناسی)" وێنا کردووە،گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسی وەک یارمەتێکی باش دیووە بۆ تێگەیشتن لەمانایێکی دروستی چەمکی کوردناسی (عبدوڵڵا،2022، 203)، لەلایێکی تر دەتوانرێت وەک سامانێکی گرنگی نەتەوەیی لەکوردناسی بروانرێت،بەو پێیەی بایەخ بەهەموو بوارەکان دەدات سەرەتا لەزمان دواتریش ئەدەب بەهەردوو شێوەکەی کلاسیکی وزارەکی، دوای ئەوانیش بوارەکانی وەک جوگرافیا، مێژوو، ئەتنۆگرافیا، ئەتنۆلۆجی، ئایین ولایەنی کۆمەڵایەتی، لەبازنەی گرنگی پێدانی کوردناسین (خەزنەدار، 2006، 89).

لەگەڵ زیاد بوونی هەژموونی داگیرکاری ئەوروپی، هاوتەریب لەگەڵ ماوەی بێهێزی ولاوازی دەوڵەتی عوسمانی لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، بایەخدان بەڕۆژهەڵاتناسی فۆرم ومانا وئامانجگەلێکی دیکەی وەرگرت، چەند لقێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسی پەیدابوون لەوانە عەرەبناسی،ئێرانناسی، تورکناسی وئیسلامناسی، لەم ناوەندانە کۆمەڵێک لە زانا وسیاسیی ودیپلۆمات کاریان کردووە، بەڵام تێبینی کراوە هەروەک لە ناوەکانیشیان دەردەکەوێت زیاتر سەروکاریان لەگەڵ ئەو وڵاتانە بووە کەخودان سنوور وسەروەری و ئاڵای خۆیان

بوون، کەمتر لایان لەو گروپگە لە ئایینی ونەتەوەیی، بەتایبەتی موسڵمانانە کردۆتەوە کە بێ کیان ودەوڵەت بوون، بۆیە بابەتگەلی کوردناسی، ناوەند ومەڵبەندێکی تایبەت بەخۆی نەبووە، وەک بەشێکی سەربەخۆ لای لێنەکراوەتەوە (عەبدوڵڵا،2022، 203-210).

لەکۆتایی سەدەی نۆزدە وسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە بابەتی کوردناسی بەشێوەیێکی ڕێژەیی لە ڕۆژهەڵاتناسی جیا دەبێتەوە، وەک بەشێکی گرێدراو بەلێکۆڵینەوەی ئێرانناسی بەدیاریکراویش لەئەکادیمیا و دەزگا زانستیەکانی ڕووسیای تەزاری وزانکۆکانی وڵاتانی فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئەرمەنستان ،ئینگلتەڕا وسوید خوێندراوە، تا شوباتی 1959 هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی بە ناوی (کوردناسی) بوونی نەبووە، بۆیەکەم جار لە ساڵی 1959 بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پترسبۆرگ لە یەکێتی سۆڤییەت لە بەشی ئێرانناسی جیا دەبێتەوە، وەک بەشێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت (پیربال ،2006 ،9).

تێبینی دەکەین وڵاتی ڕووسیا لە پێشەنگی وڵاتانی ئەوڕوپی دێت لەبایەخدان بە لق پۆپ و بوارە جۆر بەجۆرەکانی کوردناسی، لەم بارییەوە زانای بواری کوردناسی سۆڤییەتی ڤلادمیر مینۆرسکی 1877-1966(1) دەڵێ "پێویستە بەشانازی یەوە بڵێین کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەت کوردەوە بەشی هەرە زۆری لە رووسیا کراوە"(وەرگیراوە لە :خەزنەدار، 2001، ب1 94) سەرەتای گرنگیدان بەکوردناسی سەرنجیان بەپلەی یەکەم لە سەر پرسی زمان بووە. لەم بوارە (پاللاس) لەساڵی (1787) (فەرهەنگی بەراوردیتی هەموو زمان و شێوەکان)ی بڵاوکردەوە، بۆ یەکەم جار (276) ووشەی کوردی لەم فەرهەنگە تۆمار کراوە کە لە دوو بەرگ پێکهاتبوو، بەرگی یەکەمی لە ساڵی (1787) و بەرگی دووەمیان لە (1789) لە سان بەترسبۆرگ بڵاوبۆتەوە.

(Паллас П.С.Часть Вторая. 1789.491 с)(Паллас П.С.Часть первая. 1787.411 с)

لەگەڵ گەرمبوونی ئاراستەی داگیرکاری وئاڵۆزبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم، سەرنجی ڕووسەکانی لەسەر گرنگی دان بە کورد لانەداوە، ئەوەش زادەی چەند هۆکارێک بووە، لەوانە بەشداری کورد لە شەڕەکان، لەوانە شەڕەکانی ڕووسی- ئێرانی ساڵانی(1804-1813)و (1826-1828) وشەڕی ڕووسی- عوسمانی (1828-1829)، کە بووە هۆی لکاندنی ناوچەکانی ئەودیوی قەوقاز بە ڕووسیا، پەیوەندی سیاسیی لە نێوان سەرکردە سەربازییەکانی ڕووسیا و بەشێک لە سەرکردەکانی کورد دروست بوو. دوای ئەمەش پەیوەندی و هاوکاری نێوان یەکە کوردییەکان و ڕووسیا پەرەی سەند. (А.Н. Бижан. 2021. С.69) سوود وەرگرتن لە توانا مرۆییەکانی کورد پەلکێشکردنیان بۆلای خۆیان و بەکار هێنانیان لەشەڕەکانیان بەرامبەر هەریەک لە ئێران وعوسمانیەکان و نزیکی وهاوسێییەتی ڕووسەکان لەگەڵ کوردستان و درککردنیان بە بایەخ وگرنگی شوێنی ستراتیژی ناوچە کوردییەکان، ئەوانەش وەک فاکتەرێکی تری بایەخی ڕووسەکان بە کورد لێکدراوەتەوە (حصاف، 2009، 123). لە دوای ئەم شەڕانە زانا و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسی دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لە ژیانی کوردانی نیشتە جێبووی ڕووسیا تورکیا و ئێران لە لایەنی سیاسیی و سەربازییەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا سیاسەتمەدار و کارمەندی سەربازی ناردە ناوچە کوردنشینەکان، لەم ڕووەوە چەندین کەرەستەی گرنگیان بەجێهێشتووە، بەشێکیان بەهایەکی زۆریان هەیە بۆ مێژووی کورد (А.Н. Бижан. 2021. С.69).

مایەی سەرنجە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە ژمارەیەک وتار ونامیلکە دەربارەی بابەتەکانی وەک پەیدابوون و ژمارە و دابونەریتی کورد بەگشتی و هەندێک زانیاری لە سەر ڕاپۆرتی سەرژمێری وچاپەمەنی دەسەڵات دەربارەی خێلە کۆچەرییەکانی ناوچەکانی ئەو دیوی قەوقاس (ئەرمینیا، ئازربایجان، جۆرجیا) دەست دەکەون کە بە شێوەیێکی"ساکار وکورت وکۆڵ" نووسراون (محەمەدو ئەوانیتر ،1974 ،77) دەشێ بگووترێت وتاری گشتی بوون بە گیانێکی زانستیانە نەنووسراون، زیاتر ئامانجیان ناساندنی کورد بووە لەچوار چێوە گشتیەکەی (خەزنەدار، 2001، 95) بۆیە بەلای توێژەرێک تاکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە هیچ نووسراو وتوێژینەوەیەکی "گرنگ وزانستی" لەڕووسیا دەربارەی لایەنەکانی مێژوو ،زمان وئەتنۆگرافیای کوردی نەنووسراوە، سەرنجی زانستی دەربارەی ئەم بوارانە زیاتر لەدوای نیوەی دووەمی هەمان سەدە لەبەرچاو گیراون (محەمەد وئەوانیتر ،1974، 77). لەم لایەنە ژمارەیەک زانای ڕووسی لە

نووسینەکانیان بایەخ وگرنگیان بەمێژوو، ئەدەب،کەلتور وزمانی کوردی داوە لەوانەش هەر یەک لە (ڤ. دیتێل، ئ. خاچاتۆر ئابۆڤیان، ئی. بیریزین،پیۆتر لێرخ) سەرچاوەی هەرە گرنگی زانیاریەکانیان، جگە لە دەستنووسەکان، گەڕان و ڕەتبوون و مانەوەیان بووە لە ناوچەکانی قەوقاز، ماردین، دیار بەکر، ئۆرفە، نوسەیبین، تاران،کوردستان ومیزۆپۆتامیا. دیسان سەرنجی گرنگی ئەم زانایانە لە سەر زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بووە (محەمەد وئەوانیتر،1974، 78-85 ؛ خەزنەدار، 2001، 95-98)، بەتایبەتی نووسینەکانی ڤ.دیتێل لەدیدی توێژەرێک "دەستپێکی کوردناسی لەڕووسیا چەسپاند"( مێژوو و کوردناسی،8،2014)، لەدوای ئەویش بەرهەم ونووسراوەکانی لێرخ بایەخ وگرنگی زۆریان هەیە (محەمەد وئەوانیتر، 1974، 84-85).

پرسی کۆکردنەوەی کەرەستەی ئەدەبی ودەستنووسەکان، جیا لە ڕۆژهەڵاتناس و زانایان، بۆتە بەشێک لە ئەرکی بەرپرسانی ڕووسیش، بۆ نموونە ئەلکسەندەر ژابا (1801-1849) لە ماوەی دوو گەڕی کۆنسڵبوونی وڵاتەکەی لە ئەرزەڕۆم (1848-1853) (1856-1866) لەساڵی 1856 لەلایەن بەشی مێژووی ئەکادیمیای شاهانەی زانستەکان لە سان پترسبۆرگ ڕادەسپێردرێت سوود لە دەسەڵات ومانەوەی لە شارەکە وەربگرێت (مێژوو و کوردناسی ، 2014، 8-9) بۆ دەستکەوتنی زۆرترین کەرەستە لە ناوچەکەدا، پەیوەندی تۆکمەی لەگەڵ باشترین زانا وقەڵەم بەدەستانی کورد لە ئەرزەڕۆم بەستووە، هانیداون بۆ نووسینی بەرهەمی ئەدەبی و کۆکردنەوەی دەستنووس (ئەدەبناسی زارەکی... 2025،31)،لەهەنگاوێکدا ناوبراو پەیوەندی بەمەلا مەحمودی بایەزیدی (1799-1867) دەکات دوای ئەوە بوونەتە دۆستی یەکدی، بایەزیدیش لەلای خۆیەوە، ئەوەی ژابا ویستوویەتی بۆی ئەنجامداوە (سدیق، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ (51)،2022، ل115)توانیان ژمارەیەکی زۆر کەرەستەی دەگمەن ودانستقە لەفەوتان ڕزگار بکەن (مەزهەر ،2008 ،130-131) کە بە چلوچوار دەستنووس دیاریکراوە، کە زۆربەی زۆری بە هاوکاری بایەزیدی کۆکراونەتەوە (پیربال،2006، 37) دواتر بوونە بنەمای نووسینەوەی ژمارەیەک کتێبی گرنگ لەوانە مەم وزینی ئەحمەدی خانی، شێخی سەنعانی فەقێ تەیران، لەیل ومەجنونی حاریسی بەدلیسی، عادەتو ڕسوماتنامەی ئەکرادیەی مەلا مەحمودی بایەزیدی ودەستوری زمانی عەرەبی بەکوردی عەلی تەرەماخی (محەمەد وئەوانیتر،1974، 86-87).

لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەنێو کۆمارەکانی ئەو دیوی قەوقاز، کۆماری ئەرمینیا بووە پێشەنگ لەدانان و ڕێکخستنی خوێندن و لێکۆڵینەوە کوردییەکان لەسەرتاسەری ڕووسیا (حصاف،2010، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(16) 305)،جیا لەوە هەر لەم ماوەیەدا مینۆرسکی تین وتاوێکی گەورەی بە هەموو بەشەکانی کوردناسی داوە کاری گرنگی لەم بوارە جێهێشتووە (خەزنەدار،2001، ب1، 101).

لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە 1917 دەسەڵاتدارانی نوێ لەچوارچێوەی گرنگیدان بە مافی کەمینەکان لە نێویشاندا کوردە نیشتەجێبوەکانی سۆڤییەت ، بایەخیان بە لێکۆڵینەوە کوردیەکان داوە (معروف،1985، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ب، (13)، 720)، لە ساڵی 1930 یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەردوو شاری تەفلیس ویەریڤان دادەمەزرێت، لەچوار چێوەی پەرەدان بەخوێندنیش حکومەتی ئەرمینیا لە 23 ئازاری 1931 بڕیاریداوە خوێندن لەناوچە کوردییەکان لەهەردوو قۆناغی یەک ودووی سەرەتایی بەزمانی کوردی بێت، لەگەڵ کردنەوەی بەشی چاپکراوە کوردییەکان لەدەزگای چاپی حکوومی لەو وڵاتە، لەتشرینی دووەمی هەمان ساڵ یەکەم کتێبی ئەدەبی بە زمانی کوردی بە پیتی ئەرمەنی کە لەلایەن هاکوب خازاریان نووسرابوو هاتە وەشان(حصاف، 2010،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(16) ، 306 ).

**یەکەم: کردنەوەی بەشی کوردی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پترسبۆرگ.**

گۆڕانکاری سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق لە ئەنجامی شۆڕشی14 تەمووزی 1958 لاپەڕەیێکی نوێی لەپەیوەندی دۆستایەتی عێراقی – سۆڤییەتی بەدوای خۆیدا هێنا( حەیدەری، پرۆفیسۆر...،2023، 122) لەسەرێکی دی لەدوای شۆڕشی 1958 وگەڕانەوەی مستەفا بارزانی و هاتنە پێشەوەی پرسی کوردی وەک یەکێک لە پرسە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەگشتی زلهێزەکان بایەخی زیاتریان بە پرسی کوردی داوە، یەکێتی سۆڤییەتیش وەک زلهێزێکی گەورەو ڕێبەرێکی جەمسەرێکی جەنگی سارد لە پێناو بەرژوەندی ئاسایشی نەتەوەیی، چالاک بوونی پەیوەندییە سیاسیەکانی لە

بواری سیاسەتی دەرەکیدا، بەلایەوە گرنگ بووە لە دەسەڵاتی نوێی عێراقی دوای شۆڕش نزیک بێتەوە، بەوردیش ئاگادار و چاودێری پرسی کوردیش بێت ، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک مامۆستایانی بواری مێژوو لە سۆڤییەت ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی پسپۆڕی لە مێژووی کوردی پەیدا بکەن (عبدوالواحید،2018،366)، هەروەها کردنەوەی ڕادیۆی کوردی لە شارەکانی باکو و یەریڤان و ڕادیۆی نهێنی ئازربایجان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی سیاسیی بە ناو کوردانی ئێران وعێراق، بەڵگەیەکی تری بایەخدانی ئەم وڵاتە بووە بە دۆزی کوردی (ڕەحمان ،حسن،گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ،(28)، 2024، 182) لایەنێکی تری گرنگی دانی دەسەڵاتدارانی سۆڤییەتی بە پرسی کوردی کردنەوەی بەشی کوردی بووە لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لە سانت پترسبۆرگ (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ئیسماعیل محەمەد حەساف، 22 تەمووز 2024 ، هەولێر)(2).

دەربارەی سەرەتاکانی کردنەوەی بەشی کوردی، یەکێک لەقوتابیەکانی ئەم بەشە وای بۆچووە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم بەناوی (مۆزەخانەی ئاسیا) دامەزراوە، لە ناوەڕاستی هەمان سەدە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئێراناسیەکاندا گرنگیان بەکوردناسی داوە، بیرۆکەی جیا بوونەوەی بابەتی کورد ناسی ولێکۆڵینەوە کوردییەکانیشی لەبەشی ئێراننااسیی گێڕاوەتەوە ماوەی دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی (خەزنەدار، ب 3 A 2010، 124)، بە دیاریکراویش لە شوباتی 1959 بەناوی (کەبینێتی کوردی)خۆی ڕاگەیاندووە (حاجی مارف، 2005، 214) بۆ چوونێکیش لەگەڵ ئەوەیە ووشەی(کەبینێت) هێما بووە بۆ ئەوەی بەشی کوردی سەربەخۆ نەبووە بچووکتر بووە لەبەش ( پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ غازی ئیبراهیم یەعقوب، 7 تەمووز 2024 فیلەندە ؛ (3) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.جەمشید حەیدەری ، 26 ئاب 2024، هەولێر) (4). بەڕای ئێمە میکانیزمی کارکردنی وناو هێنانیشی وەک بەشی سەربەخۆ لە سەرچاوەکان، وادەکات زیاتر ئەم ڕایە پەسەند بکەین کەبەشێکی تەواو سەربەخۆ بووە.

سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆک ویەکدەنگن کردنەوەی بەشی کوردی جیا لە ئارەزووی دەسەڵاتی سیاسیی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆششی سەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی (یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی 1887–1961)(5)، هاوکات دەبێتە یەکەم سەرۆک بەشی کوردی (محەمەد وئەوانیتر، 1974،109 ؛خزندار، 1981، 246؛حصاف،2010، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ،(16) ، 317). ئەوەبوو لە کاتی ڕاگەیاندنی بەشەکە لە ٢٨ی شوباتی ١٩٥٩، ئۆربێلی ووتی:" بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی داڕشتنی پلانی کاری ڕوون بۆ بەشی کوردناسی... فەرمان دەدەم لە ١ی ئازاری ١٩٥٩ەوە ئەو گرووپە لە زانایانەی کورد کە لە کابینەی ئێراندا ناویان هاتووە، بۆ کابینەیەکی سەربەخۆ تەرخان بکرێن لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، گرووپێک لە ژێر سەرکردایەتی من کە پێکهاتووە لە کوردۆێڤ ک(6)،، تسوکەرمان ئای.ئای،. ڕۆدێنکۆ(7) ئێم.بی.، موسائیلیان ژ.س،. دیمێنتیڤا (ڤاسیلییڤا).. (8). پێکدێت ئامانجی ئەم گروپە لێکۆڵینەوەیە لە بوارەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە مێژوو و کولتوور و زمانی گەلی کورد". А.Н. Бижан. 2019. )Курдоев. К.К. Курдоведение. 19. С. 392 С.56) ئەوەی کاری کردنەوەی بەشەکەشی ئاسانکردبوو بوونی چەند پسپۆڕێک بوو لەبوارەکانی زمان ومێژووی ئەدەبی کوردی لەبەشی ئێراننااسی، دواتر ڕاژکەیان دەگوازرێتەوە بەشی کوردی لەوانە قەناتی کوردۆ(کوردۆێڤ) ئیسحاق تسوکەرمان، مارگرێت باریسێڤنا ڕۆدێنکۆ، هەروەها هەریەک لە یێڤگێنیا ئیلینچیا ڤاسیلێڤا ، ژاکلین سوورێنێڤنا موسائیلیان، لەوکاتدا خوێندنی بەرزیان تەواو نەکردبوو، وەک لێکۆڵەری زانستی لە بەشەکە دەست بەکار بوون (خەزنەدار، ب 3 A، 2010، 126).

لەساڵی1960 یەکێتی سۆڤییەت لە ڕێگای ڕاگەیاندنی1500 کورسی خوێندن دەرفەتی بۆ عێراقیان ڕەخساند لە پسپۆڕیە جۆراوجۆرەکان درێژە بەخوێندن بدەن لەم وڵاتە (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. جەمشید حەیدەری، 26 ئاب 2024، هەولێر). دوای ئەوەی لە ڕێگای سدیق ئەتروشی بەڕێوبەری بەشی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق کاروباری وەرگرتنی پێنج قوتابی کوردی لە بوارەکانی مێژوو و زمان ئەدەبی کوردی وەک دەستەی یەکەمی قوتابیانی کوردی باشووری کوردستان بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندنی باڵا لەیەکێتی سۆڤییەت ڕێکخراوە، ئەوانیش هەریەک لە مارف خەزنەدار(9)، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، نەسرین فەخری، کەمال مەزهەر، و کامیل بەسیر بوون، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوەی کۆتاییان نابینا بووە کاوس قەفتانیان(10) لەشوێنی داناوە(عبدوالواحید، 2019، 105 )، لەبەر ئەوە کاروباری

هاتنی قەفتان بۆ مۆسکۆ دواکەوتووە لەگەڵ ئەوان گەشتی نەکردووە، لەنیسانی1960 دەگاتە سۆڤییەت (قەفتان،2009، 119) بەگوتەی عیزەدین بێت ئەوان لە مانگی ئاداری 1960 گەشتی سۆڤییەتیان کردووە چونکە دەنووسێ "(کاوس قەفتان)یش مانگێک پاش ئێمە هات"(عەبدولواحید، 2019، 105). بە وورد بوونەوە لە یادداشتەکانی مارف خەزنەدار دەبێت ئەوان لە19 ئاداری 1960 گەیشتبن بە مۆسکۆ (خەزنەدار، بA3 ، 2010،10-13).پێدەچێت قوتابیانی کوردی سەرپشک وئازاد بووبن لە هەڵبژاردنی ئەو دامەزراوە زانستییەی ئارەزوویان لێی بووە خوێندنی باڵای لێ تەواو بکەن، بۆیە دوای ساڵێک لەخوێندنی زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ، هەریەک لە نەسرین فەخری ،کەمال مەزهەر وعیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەچنە باکۆ، کاوس قەفتان ومارف خەزنەداریش ڕوودەکەنە سانت پترسبۆرگ (عەبدولواحید ،2019، 105).
بەچوونی ئەو ژمارە قوتابیە کوردە بۆ یەکێتی سۆڤییەت دەروازەیێکی گەورەیان لەبەردەم والا بوو بۆ توێژینەوە لەمێژوو وئەدەبیاتی کوردی، ئەمەش لەئەنجامی دەست گەیشتنیان بەکۆمەڵێک سەرچاوە و دەستنووسی دانسقە لە ئەرشیفی ئەم وڵاتە، بۆیە کاتێک کەمال مەزهەر گلەیی لە عیزەدین دەکات بەوەی ئەو هۆکار بووە بۆ ئەوەی ڕووبکەنە باکۆ بۆ خوێندن، لەوەڵامدا ئاماژەی بەوە کردوە ئەگەر " تۆم نەبردایەتە باکۆ، نەدەبووی بەو کەمال مەزهەرە، لە باکۆ ئەرشیفی (کەی. گی.بی) وموخابەرات و ئەرشیفی حزب و ئەرشیفی ئەکادیمی هەمموویان خستە بەردەستت" (عەبدولواحید ،2019، 107).
بەڵام دەبێت ئەم ڕاستیەش لە بەرچاو بگیرێت بەر لەوەی دەستەی یەکەمی قوتابیانی باشووری کوردستان بچنە ئەم وڵاتە زانیاری سۆڤییەتیەکانیش دەربارەی مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی لەباشووری کوردستان لەقۆناغی سەرەتایی بووە، لەبەر نەبوونی سەرچاوە و پسپۆڕی لەو بوارانەی باسکران، تەنانەت لەهەندێک باردا کەوتوونەتە هەڵەشەوە، وەک یەکێک لە قوتابیانی بەشی کوردی بەڕەهایی ئاماژەی پێدەکات کە "هەموو کوردناسانی ئەو وڵاتە زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بابەت ئەدەبی کلاسیکی کوردی کوردستانی باشور نەبوو" نەک ئەوەندەش تەنانەت مافی بە خۆی داوە بنووسێ " زۆر بێ ئاگا بوون و لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە وسەرچاوەیان لە بەردەست نەبوو" بەم پێودانگەش بوویێت ئاسایی بووە ئەگەر کەوتبنە هەڵەی زەقیشەوە بۆ نموونە ئەنسیکلۆپیدیای سۆڤییەتی چاپی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هەریەک لە محەمەد تۆفیق ووردی و مستەفا نەریمانیان وەک "گەورەترین شاعیری سەردەم " یان لە باشووری کوردستان ناساندوون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کە تەنیا هەندێک کۆمەڵە شیعری ووردی ونەریمانیان لە بەردەست بوو، بۆیە کەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە(عەبدوالواحید، 2018،57-58 )، ئەم بۆچوونە بۆ بواری لێکۆڵینەوەی مێژووش دروستە، هەروەک کەمال مەزهەر ئاماژەی بۆ کردووە لەماوەی خوێندنی لە باکۆ لە سێ نووسینی جیاواز ولەکاتی جیاوازدا، یەکەمیان لەتێزی دکتۆراکەی، دووەم جاریش کاتێک تێزەکەی لە1967 لە شێوەی کتێب چاپ بووە، کۆتا جاریش لە بەرگی یەکەمی نامەی دکتۆراکەی (ناوک- زانست) زانیارێکی سێ بارە کردۆتەوە، تێدا موشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەندی تۆمەتبار کردووە بە چاوساغی کردن بۆ ئینگلیزەکان، هاوکات بە هۆکاری زاڵ بوونی ئەوانیشی زانیووە بەسەر هێزەکەی شێخ مەحمود لە شەڕی دەربەندی بازیان لە 19 حوزیرانی 1919، لێرەدا مەزهەر دوای ڕەتبوونی نزیکەی سی ساڵ سەری سوڕماوە چۆن سەر پەرشتیارەکەی ئەم هەڵە وبۆچوونە سادەیەی لێی قبوڵکردووە (مەزهەر، 2001، 203-202).
مایەی ئاماژەیە هەژموون و کاریگەری ئایدۆلۆژیای چەپ ومارکسی دەسەڵاتی سۆڤییەتی بەسەر پرۆسەی خوێندن لەم ناوەندە زانستیە، تەنانەت لەپرۆگرامی خوێندنی پەیمانگاش ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە بابەتەکانی وەک فەلسەفە بەگشتی(فەلسەفەی مارکسی)(عەبدوڵڵا، 2013، 142) وکۆمۆنیزمی زانستی خوێنراوە (حەیدەری،2020 ب1، 398؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، 26 ئاب 2024،هەولێر)(11) لەگەڵ ئەوە قوتابیانی بەشە زانستییەکانیش لەم کاریگەرییە بێ بەش نەبوون، بۆ نموونە لەقۆناغی یەکەمی کۆلێژی ئەندازیاریش مێژووی حزبی شیوعی سۆڤییەتی خوێنراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ئارام عەلی مستەفا، هەولێر 29 ئەیلولی 2024)(12)تەنانەت کاریگەری ئایدۆلۆژی ئەزموونی سۆشیالیستی وڵاتێکی وەک کۆماری چینی میللی سۆشیالیستیش بەسەرەوە ناوەندە زانستیەکانی سۆڤییەت هەبووە، بۆیە وەک لەیادداشتی قوتابێکی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سانت پترسبۆرگ دەردەکەوێت کە لەگەرمەی شەڕی سارد وململانێی هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆشیالیستی کاتێک لەساڵی 1960 لە پەیمانگا قبوڵکراوە ناوی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی گۆڕابوو بۆ (پەیمانگای نەتەوەکانی ئاسیا)، ئەم ناو گۆڕانە لەسەر

داوای کۆماری چینی میللی بووە، بەبیانوی ئەوەی ناوی پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی"بۆنی بۆرجوازی"لێهاتووە، بەپێچەوانەوە ناوی (پەیمانگای نەتەوەکانی ئاسیا)تام وبۆی سۆشیالیزمی داوە، دوای تێکچوونی نێوانی دەسەلاتدارانی سۆڤییەتی لەسەردەمی دەسەلاتی خرۆشۆف(1953- 1964) لەگەڵ کۆماری چینی میللی لە ساڵی 1961، گەڕاونەتەوە سەر ناوەکەی پێشووی (خەزنەدار، ب3 A ، 2010، 123-124).

جێگای باسە دەتوانرێت بگوترێت بەشێکی ڕۆژهەلاتناسە رووسەکان (لە نێویشیاندا مامۆستایانی زانکۆ) لەچوارچێوەی فەلسەفەو بیروڕا وتێروانینی سیاسیی دەوڵەت نووسیوویانە(حیسامی، 2018، ب3، 1987) قورس بووە بتوانن لەم ڕێگایە لابدەن، ئەم ئاراستەیە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چلەپۆپەدا بووە، بەلام لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کالتر بۆتەوە، بۆ نموونە ڕۆژهەلاتناس ومامۆستایێکی وەک میخائیل سیمۆنەڤیچ لازاریف(1930-2010) لەنووسینەکانی کەمتر لە هاوپیشەکانی ئاماژەی بە دەق وتێزەکانی مارکسیزم ولینیزم وباقی ڕێبەرانی تر بیرۆکەی چەپداوە بۆیە پێگوتراوە"مێژوونووسە یاخیەکە"(پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ د.جەبار قادر، 13 تەمووز 2024، هۆڵەندا) (13) کاریگەری ئایۆلۆژی بەجۆرێک لەسەر(قەنانی کوردۆ)ی سەرۆک بەشی کوردی بووە کە دوای مردنی ئۆربیلی لە2 شوباتی 1961 سەرۆکایەتی بەشی وەرگرتووە تامردنی لە31 تشرینی یەکەمی 1985 لەپۆستەکەی ماوەتەوە(حەیدەری پرۆفیسۆر...،2023، 46) کەبەگوتەی کاوس قەفتان هەموو قوتابیانی کوردی باشووری کوردستان زانیویانە "کۆنە کۆمۆنیستێکی سۆفیەت" بووە (قەفتان، 2009، 150) لەگەڵ ئەوەی بە گەواهی قوتابێکی بەشەکە بەلای قەناتەوە کوردایەتی لەپێشەوەی بیری سیاسییەوە بووە، هەمیشە گوتوویەتی "ئەگەر کۆمۆنیزم خزمەتی مەسەلەی نەتەوەیی کورد نەکا، نابم بە کۆمۆنیست"(خەزنەدار، 2006، 309) بەلام کاریگەری حزبی شیوعیشی بەسەرەوە بووە، بۆ نموونە لەژێر گوشاری ڕێکخراوی حزبی شیوعی عێراقی لە لینینگراد لەشوباتی1976 بۆ ئەوەی سەرپەرشتی تێزی دکتۆرای جەمشید حەیدەری نەکات، بیانۆی ئەوەی هێناوەتەوە ئەو پسپۆڕی زمانە نەک ئەدەب، لەکاتێکدا لەسەرەتادا سەرۆک وپسپۆڕانی ئەدەب لەبەشەکە ئۆردیخانی جەلیل و زاریێ سوسۆپۆفا خۆشحاڵ بوونی خۆیان بۆ داواکەی حەیدەری دەربڕیبوو، ناوبراو هۆکارەکەشی تەنیا بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کە لەکاتی لێکترازانەکەی حزبی شیوعی لە17 ئەیلولی 1968 دابوویە پاڵ باڵی (سەرکردایەتی ناوەند) کە عەزیز ئەلحاج ڕێبەرایەتی کردبوو، بۆیە باڵەکەی تری حزب بەناوی (لێژنەی ناوەندی) کەعەزیز محەمەد سەرکردایەتی دەکرد پێیان ناخۆش بووە حەیدەری لە سۆڤییەت بخوێنێ(حەیدەری،2020، ب1، 397).

## دووەم: کەناڵەکانی خزمەتکردنی بەشی کوردناسی بە بواری مێژووی کورد .

لەگەڵ دامەزراندنی بەشی کوردی، بەشێک لەتوانا زانستیەکانی ئەم بەشە بەئاراستەی خزمەتکردن بەمێژوو وئەدەبیاتی کوردی ئاڕاستە کراوە، ئەمە خزمەتە لەڕێگای هەندێک کەناڵەوە بووە .

### 1-بەشداریکردن لە کۆنفراس وکۆڕ وکۆبوونەوە زانستیەکان.

یەکێک بووە لەو کەناڵانەی کە کارمەندانی زانستی بەشی کوردی خزمەتی بواری مێژوو وئەدەبی کوردییان کردووە، ئەمەش لەڕێگای بەشداریکردنیان بە پێشکەشکردنی توێژینەوە و ووتاری زانستی چەند لایەنێکی ئەم مێژوویان خستووتە بەرباس، بۆ نموونە لەکۆنفراسی ڕۆژهەلاتناسی ئێرانی کە لەڕۆژانی 24- 27 کانوونی دووەمی1962 کۆلێژی ڕۆژهەلاتناسی لە زانکۆی لینینگراد پێی هەڵسابوو، کارمەندانی بەشی کوردی، قەناتی کورد، ئۆردیخانی جەلیل، زاریێ یوسوپۆڤا، جەلیلی جاسمۆڤیچ جلیل ناسراو بە جەلیلی جەلیل (14)،کەریمی ئەیوبی،مارف خەزنەدار، عەباس مەمەند نزارۆڤ وکاوس قەفتان ئامادە بوون، بەشێکیان بە ووتار وتوێژینەوەی بەشدارییان کردووە، بۆ نموونە قەناتی کوردۆ وتارێکی لەبارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێشکەشکردووە (گۆڤاری روناهیی، سەرەتای ئاب 1962، ژ(3) ساڵی(2)، 8-9، وەرگیراوە لە: قاضی، 2005)، جەلیلی جەلیلیش ووتارەکەی بە ناوی (گۆرانی دلێرانەی کوردە یەزیدییەکان) بوو کە تایبەت بووە بەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیان بە نیشتەجێبوونی باب وباپیرانی خۆی هەبووە لە ڕووسیا (موسائیلیان،2011، 402) لە وتارەکەی فۆلکلۆری وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەنی مێژوو ناساندبوو، لەم بارییەوە گوتبووی "بو لیکولینەوەی زانستی

راست لە مێژووی نەتەوەی کورد ، فولکلوری قارمانی سەرچاوییکی گرنگە، ئەمە گەلی لاپەرەی نەناسراوی مێژووی نەتەوەکەمان ڕووناک ئەکاتەوە" لەوەشدا ئاماژەی بە بەیتە فۆلکلۆرییەکانی (کلامی میرانی)،(سەرایی) و(شێخ میرزا) کردووە کە تا ئەوکاتیش کوردەکان بەگۆرانی گوزارشتیان لێکردووە، کاتێک دژی سەربازانی عوسمانی لە ساڵانی1828-1829 بەسەرۆکایەتی شێخ میرزا ڕاپەڕیون، لەدوای شکستیشان بەناچاری هانایان بردۆتە بەر ڕووسەکان (گۆڤاری روناهیی، سەرەتای ئاب 1962، ژ(3) ساڵی(2)، 10، وەرگیراوە لە: قاضی، 2005).

لەمانگی ئاداری 1966 پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی، دووەم کۆنگرەی زانستی خۆی بەناوی (یادگاری نووسراو و مەسەلەی مێژووی خوێندەوارەیی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات) گرێداوە، ئەگەر چی تەوەری بابەتەکانیشان **"زمان وئەدەبی کوردی"** بووە، بەڵام هەندێک لە کارمەندانی بەش ئەگەرچی بواری پسپۆڕیشیان مێژوو نەبووە، بەڵام لەسەر بەلاڕێدابردنی پرسی مێژووی نەتەوەکەیان بێدەنگ نەبوون، بەشێوەیەکی زانستی ڕای بەرامبەرەکەیان ڕەتکردۆتەوە، بۆ نموونە لە کۆنگرەکە گفتوگۆ لە نێوان مارف خەزنەدار و پسپۆڕێکی بواری مێژوو ورۆشەنبیری وکەلتوری تورک بەناوی ئەناتۆلی دیمیترییێفیچ ژیلیتاکۆڤ دروست بووە، تەوەری گفتوگۆکە لەسەر کوشتاری ئەرمەن بووە لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی. (خەزنەدار، 2010 ،ب 4(B)،184-186).

دەتوانین بڵێن(ییڤگێنیا ئیلینچیا ڤاسیلیێڤا ) لەنێو هەموو کارمەندانی بەشی کوردی لەبواری پسپۆڕیەکەی کە مێژوو بووە جێگای دەستی بەسەر کۆنفراس وکۆبوونە زانستیەکان دیارە، بۆ نموونە لەو کۆڕانەی بەشی لینیگراد لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەمۆسکۆ ساڵانە سازیکردووە لەساڵانی (1970-1972) سێ توێژینەوەی مێژوویی پێشەکەش کردووە، یەکەمیان بە ناوی (چیرۆکی خەباتی شا عەبباسی یەکەم لەگەڵ هۆزی کوردی موکری). (شیکردنەوەی نوێ لە سەر مێژووی کوردستانی ئێران (تاریخ بنی ئەردەلان)ی خوسرەو محەمەد خانی ئەردەلان، ناونیشانی دووەم توێژینەوە بوو. سێیەمیان توێژینەوەیەک بووە لەسەر یەکێک لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی هۆزی دومبولی (موسائیلیان،2011، 128- 129).

ڕاپەڕینەکانی کوردی باکور دژ بە کەمالیەکان بوونەتە جێگەی بایەخ وسەرنجی مێژوونووسێکی وەک جەلیلی جەلیل، بۆ نموونە لە هەژدەهەمین کۆڕی ساڵانەی ئەکادیمیای زانستی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە لینیگراد لە ساڵی 1985 کە لە ژێر ناوی(ئاسەوارە نووسراوەکان و کێشەی مێژوویی و کەلتووری گەلانی ڕۆژهەڵات)،بەستراوە، بە دوو توێژینەوەی مێژوویی بەشداربووە، یەکەمیان بە ناوی(ڕاپەرینی 1925 لە کوردستانی تورکیا ورەنگدانەوەی لە گۆرانییە مێژووییەکان) بووە،دووەم توێژینەوەی تایبەت کردووە( بە ڕاپەڕینی ئاراراتی کورد لە 1930 ورەنگدانەوەی لە گۆرانییە مێژووییەکاندا)(موسائیلیان، 2011، 421).

جێگەی باسە یەکێک لەو بابەتانەی کارمەندانی بەشی کوردی قۆستوویانەتەوە بۆ تیشک خستنە سەر مێژووی نەتەوەکەیان، بۆنەو یادکردنەوەی کەسایەتیە زانستی وهەندێک جاریش سیاسیەکانی ڕووسیاو یەکێتی سۆڤییە**ت** بووە، بۆ نموونە بەر لەکۆچی دوایی ئۆربیلی لە 2شوباتی 1961 (گۆڤاری هیوا، نیسان 1961، ژ(32)،7. وەرگیراوە لە:ڕۆژنامەوانیی کوردی...،2010، ب 5، 229). بەشی مێژوو لە پەیمانگای زانستی مۆسکۆ لەساڵی 1960 ڕێز لێنانێکی بۆ ڕێکخستووە، ڕۆدێنکۆ لە چوارچێوەی خستە ڕووی مێژووی ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵات، بابەتێکی لە ژێر ناوی (کێشەی ئەدەبی کوردی) پێشکەشکردووە (موسائیلیان،2011،401). هەروەها بەبۆنەی شەست ساڵەی لەدایک بوونی پرۆفیسۆر بولدیروڤ لەساڵی 1969،کوردۆیڤ بابەتێکی تایبەتی بە لێکدانەوەکانی گەزنەفۆن سەبارەت بە کاردۆخیەکان خستۆتەڕوو، هەروەها بە بۆنەی سەد ساڵەی لە دایک بوونی لینین لە چوار چێوەی شەشەمین کۆڕی بەشی لینینگراد لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەمۆسکۆ لە ساڵی 1970، ڤاسیلیێڤا بابەتێکی لەسەر چیرۆکی خەباتی شا عەباسی یەکەم لەگەڵ هۆزی موکری پێشکەشکردووە، هەر لە هەمان بۆنە کوردۆیڤ شەن وکەوی بەرهەمەکانی (ئەمینی عەڤدال)ی لەسەر ئەتنۆگرافیای کوردی کردووە (موسائیلیان ،2011،127 -128)، لە یادی حەفتا ساڵەی لە دایک بوونی قەناتی کوردۆ لە 12 ئەیلولی 1979، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد هەڵساوە بەسازدانی کۆنفڕاسێکی زانستی، تێدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسی شارەکە ودەرەوەی سۆڤییەتیش بەشدارییان تێدا کردووە، جەمشید حەیدەری بەناوی هەموو کوردناسەکانی

عێراق ووتارێکی پێشکەشکردووە (حەیدەری،2020،ب1،415-416)، لە وتارەکەی جیا لەئاماژە دان بە پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان،پەسنی کارە زانستیەکانی قەناتی کوردۆی کردووە(حەیدەری پرۆفیسۆر...، 2023، 17-21).

## 2- سەردانی ومیوانداریکردنی کەسایەتیە کوردییەکان

یەکێک لەو بۆنانەی بەشی کوردی قۆستبوویەوە بۆ خزمەتکردن بە بوارەکانی مێژوو و ئەدەبی کوردی، میوانداری وپێشوازیکردن بووە لە هەندێک کەسایەتی کە سەردانی بەشەکەیان کردووە، بۆ سازکردنی کۆڕ ودانیشتنی تایبەت بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی مێژوو وئەدەبیاتی کورد، لەم پێناوەش ، هەموو ئاسانکارێکیان بۆ کراوە، کۆرو دانیشتنەکانیش لەئاستی بەشی کوردی ئەنجامدراون، زیاتر کارمەندانی زانستی بەشەکە ئامادەییان هەبووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ د.جەمشید حەیدەری،26 تەمووزی 2024، هەولێر) بۆ تیشکخستنە سەر زۆر لایەنی مێژووی کورد، بۆ نموونە لە ماوەی مانگێکی مانەوەی لەسۆڤییەت، لە مانگی تشرینی دووەمی 1976 لە یادی 100 ساڵی لە دایک بوونی مەلای گەورەی کۆیە، مومتاز حەیدەری سیمینارێکی پێشکەشکردووە دەربارەی ژیان وتێروانینەکانی مەلای گەورەی کۆیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کتێبەی ساڵی 1975 لە هەولێر دەربارەی ئەو کەسایەتیە بەچاپی گەیاندبوو(15) (چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری ،27 ئابی2024، هەولێر)(16). هەروەها کەریمی ئەیوبی یەکێک لە مامۆستایانی بەشی کوردی بووە، هەلی ئامادەبوونی هەژار موکریانی لەسۆڤییەت دەقۆزێتەوە کاتێک لە پایزی 1973 بە داوەتنامەی کۆڕی زانیاری سۆڤییەت سەردانی ئەو وڵاتەی کردووە (عەبدوڵلا، 2022،هەژار موکریانی... ،128)، لەسەر داوای ئەیوبی، هەژار لە پەیمانگای عەرەبی لەمۆسکۆ وتارێکی بەزمانی کوردی پێشکەشکردووە وئەیوبیش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ڕوسی (هەژار،1997،317-318)، هەروەها هەژار سەردانی بەشی کوردیشی کردووە، سەردانەکە هاوکات بووە لەگەڵ خەریک بوونی ئەیوبی بەتێزی دکتۆراکەی کە دەربارەی بەرهەمەکانی هەژار موکریانی بووە، بۆیە لە سەر داوای ناوبراو، هەژار ژیاننامەی بەدەستووخەتی خۆی نووسیوتەوە، ئەم ژیاننامەیە دوای بەکارهێنانی وەک سەرچاوەیێک لەتێزی دکتۆراکەی ئەیوبی، لەئەرشیفی پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سانت پترسبۆرگ پارێزراوە (سەپان، 2019، 176-177) . لە ساڵی 1979 محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان ماوەی سێ ڕۆژ سەردانی لینینگرادی کردووە، لەگەڵ مامۆستا وقوتابیانی بەشی کوردی کۆڕ وکۆبوونەوەی هەبووە بەتایبەتی لەگەڵ قەناتی کوردۆ، هەروەها ساڵێک دواتر جگەرخوێن سەردانی بەشی کوردی کردووە، لەلایەن هەموو مامۆستا وقوتابیانی بەش پێشوازی لێکراوە (حەیدەری، 2020، ب1،420 -421) گفتوگۆ وراگۆرینەوە دەربارەی کۆمەڵێک پرسگەلی ئەدەبی ومێژوویی تایبەت بە کورد کراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ د.جەمشید حەیدەری، 26 ئاب 2024، هەولێر).

## 3- ئەنجامدانی هەندێک چالاکی زانستی

کارمەندانی بەشی کوردی لە ڕێگای ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی نەخشی دەستیان بەسەر گەشەسەندنی بواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی دیارە، بۆ نموونە لەڕێگای پێشکەشکردنی وانە لە دەرەوەی پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی لینینگراد بەتایبەتی لە یەریڤان توانیوویانە خزمەتی بەرچاو بە بواری مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی بکەن، بۆ نموونە بابەتەکانی نێو دوو توێی کتێبی (وتار گەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست) لە بنچینەدا کۆمەڵێک وانەبوون ساڵی1970 ڕۆدێنکۆ بۆ قوتابیانی فاکەڵتی ڕۆژهەلاتی زانکۆی یەریڤانی ئامادە کردبوو (ڕۆدینکۆ، 2020 ،247)، هەروەها ئۆردیخانی جەلیلیش دوای تاوتوێکردنی دکتۆراکەی لە ساڵی 1961 ماوەیەکی کەم وەک مامۆستا لەبەشی کوردی پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی یەریڤان دەست بەکار بووە (حصاف،2010، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژ(16) ، 324-325).

لەماوەی ئامادەییان لە یەکێتی سۆڤییەت بە تایبەتی دوای تەواوکردنی خوێندن ومانەوەیان وەک پەنابەری سیاسیی ودەست بەکار بوونیان وەک ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوە لە بەشی کوردی، هەریەک لە کاوس قەفتان ومارف خەزنەدار، هەندێک جموجۆڵ وچالاکی زانستیان هەبووە، بۆ نموونە کاوس قەفتان دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا

له ساڵی1963 لەبواری مێژووی هاوچەرخی کورد لەبەشی کوردی بەهۆی ڕووداوەکانی دوای کودەتای 8 شوباتی 1963، بە گووتەی خۆی نەیتوانیووە بگەڕێتەوە بۆ عێراق (قەفتان،2009، 176) بۆیە داوای مافی پەنابەری سیاسیی کردووە، لە سەر داوای قەناتی کوردۆ لە ماوەی سێ ساڵ 1963 تا کۆتاییەکانی ساڵی 1966، توێژینەوەیەکی دەربارەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەکوردستانی عێراق لە ماوەی 1958 - 1964 ئامادەکردووە( قفطان، 2004، 3). دوای دەستبەکار بوونی لە بەشی کوردی بە ناوی خوازراوی زاگرۆس، مارف خەزنەدار لە نێوان 13 ئاب 1966 تاوەکو 19 ئاداری 1967 کۆمەڵە وتارێکی مێژوویی لەڕۆژنامەی کوردستان کە لەلایەن دەستەیێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات لە ئەوڕوپا دەرچووە بڵاوکردۆتەوە، ناونیشانی هەندێکیان بەم شێوەیە (شا وکوردستانی عێراق) و( گەلی کورد وبزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب) (خەزنەدار، 2010،ب4 (B)، 170-171). جیا لەوە خەزنەدار بە پەرۆشەوە بەنێو ئەرشیف و کتێبخانەکانی لینینگراد گەڕاوە بۆ دۆزینەوەی دەستنووسی دەگمەن، بەگوتەی سەرۆکی ئەرشیفی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد کە دۆستی کورد و هاوکاری خەزنەدار بووە، ناوبراوی وەک" **ڕاوکەر**"ی دەستنووسە دەگمەنەکانی نێو ئەرشیفەکان دیووە، لەو لایەنەوە جێگای دەستی دیار بووە، بۆ نموونە دۆزینەوەی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستان 1898 (دواتر باسی دەکەین) لەگەڵ دۆزینەوەی دەفتەرێکی گەورە کە کۆمەڵێک هۆنراوەی عەبدوڵڵا بەگی میسباح وددیوانی تێدابووە، ساڵی 1916 عەلی بەگی سالار سەعیدی برای بۆ باسیل نیکتینی ناردووە، بەرهەمی گەڕان و ماندووبوونی خەزنەدارن(خەزنەدار، 2010 ، ب3 (A)،157-158).

کاوس قەفتانیش ژمارەیەک وتاری لەگۆڤاری ڕۆژی نوێ بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە لە وتارێک هیوا دەخوازێ شۆڕشێکی هاوشێوەی 14 تەموزی 1958 و سەرۆکێکی وەک عەبدولکەریم قاسم لەبەشەکانی تری کوردستان بەتایبەتی لە تورکیا وئێرانیش پەیدابن، تاوەکو هاوشێوەی کوردی عێراق ڕزگاریان بێ لە چەوسانەوە (گۆڤاری ڕۆژی نوێ، تەمووز 1960، ژ،(4)30-32، وەرگیراوە لە: سدیق ورەفیق سالّح (2010،360-362). (خوێندەواری کوردی هەر مێژوو و ئەدەب نیە)، ناونیشانی وتارێکی ترە بە بەبۆنەی تەرخانکردنی پێنج کورسی تر بۆ قوتابیانی کوردی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا بۆ وڵاتی سۆڤییەت لە بوارەکانی مێژوو، و ئەدەب نوسیووە (گۆڤاری ڕۆژی نوێ،کانونی یەکەم،1960 ژ، (9)، 77-80، وەرگیراوە لە سدیق ورەفیق سالّح، 2011، 1045- 1048) لە وتارێکی تر بەناوی خوازراوی کاکەی فەلاح جەخت لەوە دەکاتەوە کورد ئومەیە،(گۆڤاری ڕۆژی نوێ، 1 ی شوبات، 1961 ژ(11)، 14-16) وەرگیراوە لە: سدیق ورەفیق سالّح، 2011،1224 -1226).

## سێیەم: بوارەکانی توێژینەوە لە مێژووی کورد

### یەکەم: مێژووی ئەدەبی کوردی

گرنگی دان بە بواری ئەدەب بە گشتی و لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەب بە تایبەتیش ئەدەبی کلاسیکی کوردی، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی بەشی کوردییەوە بەشێک بووە لەپلان بەرنامەی بەشەکە (گۆڤاری هیوا، نیسان 1961، ژ، (32) ل7. وەرگیراوە لە:ڕۆژنامەوانیی کوردی...، 2010 ،ب229،5)، ئەوەی کاری توێژەرانی ئەم بوارەشی لە بەشی کوردی ئاسان کردبوو دەوڵەمەندی ئەرشیفی سۆڤییەتی بوو بە تایبەتی کتێبخانەکانی لینینگراد، بەگشتی دەستنوسە کوردیەکان لەلینینگراد لە دوو شوێن دەست کەوتوون، یەکەمیان کۆمەڵەکانی لینینگراد بەشی دەستنووسەکان لە کتێبخانەی گشتی ناوەندی کە ناسرابوو بە سالتیکۆف-شیدرین، لەگەڵ کتێبخانەی ئەکادیمیای زانستی لە پەیمانگای گەلانی ئاسیا (خەزنەدار، 2010، بA3 ،128)، ئەوەی یەکەمیان پاشماوەی دەستنووس وسەرچاوە دانسقەکانی بوارەکانی مێژوو، فۆلکلۆر، ئەدەب وزمانەوانی تێدا پارێزراون (رودینکو، 2019، 7- 124 )، لەلایێکی دی گەشتکردنی پسپۆڕانی ئەم بوارە بە ناوچە کوردنیشینەکان، بەتایبەتی کوردنشینەکانی ئەو دیوی قەوقاز، وەرگرتنی دەق وتێکستەکان بەتایبەتی ئەوانەی بەشێوەی زارەکی نەوە دوای نەوە گێراویانەتەوە، کەرەستەیێکی باش بوون بۆ توێژینەوە کردن وڕونکردنەوەی زۆر لایەنی ناڕوونی ڕووداو پەرەسەندنە مێژوویەکان و ئاشنا بوون بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان وشێوازی ژیان لەم ناوچانە، بۆ نموونە ڕۆدێنکۆ لە ئەنجامی گەشتەکانی بۆ ناو کوردەکانی ئەرمینیا، گورجستان، تورکمانستان وئاسیای ناوەڕاست، بابەت و بەیتە

فۆلکۆرییەکانی لە زاری خەڵکی ناوچەکە تۆمار کردووە، ئەمەو سەرباری تۆمارکردنی زانیاری دەربارەی ژیان ودابونەریتی کۆمەڵایەتی، پاش کۆکردنەوەی ئەم کەرەستانە ساڵی 1970 لە ژێر ناوی (کوردەکان: بوون (ژیانی ڕۆژانە) وئاکار ودابونەریت وکەلتوریان، وەک وانە لە پەیمانگای زانستی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤییەتی پێشکەشی کردووە (ڕۆدێنکۆ،2020، 247- 248).

بوونی دوو پسپۆڕی ئەدەب ئەوانیش هەریەک لە ئۆردیخانی جەلیل (1932- 2007)(17) ڕۆدێنکۆ بوون، یارمەتیدەری باش بوون بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە، ئەوەی یەکەمیان ساڵی 1961 بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی کردبوو کە لەژێر ناوی قەڵای دمدم بوو (حصاف،(2010) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(16)، 324-325). دووەمیان ڕۆدێنکۆ بوو، بەیەکێک لە ناوە هەرە دیارەکانی بەشی کوردی دادەنرێت تا کۆچی دوایشی لە1976، لەخزمەتکردن بە بواری ئەدەبی کوردی بەردەوام بووە، هۆکارێک لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی لەکارەکانی زانینی هەندێک زمانی زیندووی جیهانی بووە لەوانە ڕووسی، ئینگلیزی، فەڕەنسی ،عەرەبی، فارسی، گورجی وئەرمەنی بووە (پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ د. ئەنوەر قادر محەمەد، ئاب 25 2024 سوید) (18).

یەکێک لەو بوارانەی کە کارەکانی ڕۆدێنکۆی پێدەناسرێتەوە کارکردن بووە لەسەر تێکستەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی لەوانە شێخی سەنعانی فەقێ تەیران سەدەی 14 ز، مەم وزینی ئەحمەدی خانی سەدەی 17، لەیلاو مەجنونی حارسیی بەدلیسی سەدەی 17، دەستوری زمانی عەرەبی بە کوردی عەلی تەرەماخی، لەبارەی ئەتنۆگرافیاشەوە کتێبی عادەتو ڕسوماتنامەی ئەکرادییەی مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی 1963 بەزمانی ڕووسی بڵاوکردۆتەوە (محەمەد وئەوانیتر، 1974،87)، هەروەها موسائیلیان یەکێکی تر بووە لە مامۆستایانی بەشی کوردی، بابەتی تێزی دکتۆراکەی بۆ یەکێک لەدەقە ئەدەبیە کلاسیکیەکان تەرخانکردبوو کە زەمبیل فرۆش( بائع السلال) بووە لە ساڵی1983 لەشێوەی کتێب چاپکراوە (یوسوپۆڤا، (2012)،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژ،(23)، 298).

قوتابیانی کوردستانی باشووریش شوێن دەستیان لە خزمەتکردن بە مێژووی ئەدەبی کوردییەوە دیارە، مارف خەزنەدار لەساڵی 1963 لەژێر سەرپەرشتی قەناتی کورد بەرگری لەتێزی دکتۆراکەی کردووە کە لەژێر ناوی (پوختەیەک لەمێژووی ئەدەبی کوردی لە ماوەی 1890-1960) بووە (بڕوانە پاشکۆی ژ ، ( 1)، لەساڵی 1967 لەدوو توێی کتێبێکی 230 لاپەڕەیی لەلینینگراد هاتۆتە وەشان (سەیری پاشکۆی ژمارە 2 بکە)، ساڵی 1993 لەلایەن دکتۆر عبدولمەجید شێخۆ لە حەلەب بە ئاگاداری نوسەرەکەی وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی لە ژێر ناوی( موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر) بڵاوکراوەتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. بنیاد مارف خەزنەدار، هەولێر،10 ئاب 2024 (19) (بڕوانە: خزنەدار،1993،7-199)، چاپکردنی تێزەکە لەشێوەی کتێب هەنگاوێکی گرنگ بوو بە ئاراستەی ناساندنی ئەدەبی کوردی بەخوێنەرانی ڕووسی، کە تێدا پوختەیەک دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی لە1890 تاوەکو1960 خراوەتە ڕوو، لەسەرەتادا چەردەیێک دەربارەی ئەدەبی میللی و کلاسیکی کوردی خراوەتە ڕوو، دواتر پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی ولەگەڵیشدا پوختەیەک دەربارەی بزاڤی ڕۆژنامەگەری لەکۆتایی سەدەی 19 تاوەکو سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم بەرچاو خراوە، لەبەشەکانی(3 تا 5) بەگشتی باس لە پەرەسەندنی مێژووی ئەدەبی هەر لە 1890- تاوەکو 1960 کراوە، تێدا بەکورتی باسی ژیان و نمونەی شیعری ژمارەیەک لەشاعیرانی کوردی کراوە، ئەمە وسەرباری لاکردنەوە لە پەخشانی مێژووی ئەدەبی کوردی (ئەدەبی کوردی هاوچەرخ: خەبات لە پێناو ئاشتی ودیموکراسی (لەبری کۆتایی) بۆتە ناونیشانی بەشی شەشەم وکۆتایی تێزەکە، تێدا نموونەی شعیری هەندێک لە شاعیرانی بەناو **"پێشکەوتوخواز"** لەوانە ئەحمەد دڵزار ، گۆران، دیلان، جگەر خوێن...هتد شیکراوتەوە کە گوزارشت و ڕەنگدانەوەی دۆخی چەوسانەوەو خەباتی چینی کرێکاران و هاوکاری وهەماهەنگی هەردوو گەلی کورد وعەرەب و خەباتی هاوبەشیان دژی چەوسانەوەو ئیستیعمار ودەسەڵاتی داگیرکاری، ودەستەبەرکردنی ژیانی ئاشتیانە بووە (خزنەدار،1993 ،17- 199)(20).

لەبواری ساخکردنەوەی سەرەتای مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆڵی مارف خەزنەدار دیارە، هەر لە ڕێگای ئەویشەوە لە پشووی هاوینی ساڵی 1966 لەبەشی لێکۆڵینەوە (تورکی-مەغۆل)، کتێبخانەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی

ئەکادیمیای زانستی لەسانت پترسبۆرگ ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانی دۆزیەوە کە لە22 نیسانی 1898 لە قاهیرە لەلایەن بنەماڵەی بەدرخان دەرچووبوو، لەدوای ڕێکەوتنی ئاداری ساڵی1970 هەموو ساڵێک ئەم ڕۆژە وەک جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی دیاریکراوە (عەبدولواحید،2018 ،289-291).

لەنێو هونەرەکانی ئەدەب جەمشید حەیدەری لای لە چیرۆکی کوردی کردووە، کاتێک لە 28 کانوونی یەکەمی 1979 لە ژێر سەر پەرشتی قەناتی کوردۆ (حەیدەری، 2020، ب1 ،412) تێزی دکتۆراکەی بەناوی (مێژووی گەشە سەندنی پەخشانی هونەری هاوچەرخی کوردی لە عێراقدا1925- 1960) گەنگەشەکراوە، کە لە 237 لاپەڕە ودابەشی پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی کراوە (سەیری پاشکۆی ژمارە 3 بکە)، لە پێشەکی هۆکاری دەست نیشانکردنی ئەم ماوەیە مێژووییە ڕونکراوەتەوە، نوسەر وای بۆچووە ماوەکە هاوتەریبە لەگەڵ قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزوتنەوەی نیشتیمانی ئازادی خوازی لە کوردستانی عێراق، هەر بۆیە هەر گۆڕانکاری وبەرەو پێشەوە چوون و پاشەکشەیەک ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی لە"کوردستانی عێراق". لە پێشەکیدا هۆکارەکانی گرنگی نەدانی کوردناسانی ئەوروپی وڕووسی بە چیرۆکی کوردی ڕوونکراوەتەوە، دواتر ڕۆڵی ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان لەپەرەسەندنی ئەدەبی کوردی بە گشتی وچیرۆک بە تایبەتی خراوەتەڕوو، لە بەشی یەکەم باس لە پەرەسەندنی پەخشانی هونەری کوردی لە عێراق لە نێوان ساڵانی1925- 1939 کراوە . پەخشانی کوردی لە چلەکان ناونیشانی بەشی دووەمە، لە بەشی سێیەمیش شەن وکەوی ئاراستە سەرەکیەکانی گەشەکردنی چیرۆکی کوردی لە پەنجاکان وسەرەتای شەستەکان کراوە (الحيدري، 1984، 82- 93).

شایەنی باسە مامۆستایانی بەشی کوردی لە ماوەی توێژینەوەی ئێمە کۆمەڵێک بەرهەمیان بە چاپگەیاندووە، لەم ڕێگایەوە تەکانێکی گەورەیان بە لێکۆڵینەوە لە بواری مێژووی ئەدەبی کوردی داوە، بەگوێرەی ووتەی موسائیلیان لەسەرەتادا ڕۆدێنکۆ خۆی ئامادە کردووە ببێ بە کوردناس لەبواری زمانەوانی، بەڵام کاتێک لەساڵی1951 دەبێتە قوتابی دکتۆرا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی مەم وزینەکەی ئەحمەدی خانێ سەرنجی ڕادەکێشێ، لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتیارەکەی کە قەناتی کوردۆ بووە، خۆی تەرخان دەکات بۆ ساخکردنەوەی تێکستی چیرۆکی مەم وزینی ئەحمەدی خانێ، ئەگەرچی یەکێک لەئەندامانی لیژنەی تاوتوێی تێزەکە کە ئۆربیلی بووە، لەبەر قورسی دەقەکانی مەم وزین دوودڵبووە لەوەی قوتابێکی لاوی وەک ڕۆدێنکۆ سەرکەوتوبێ لەکارەکەی، بەڵام لەکۆتایی ساڵی 1954 سەرکەوتووانە گفتوگۆی تێزەکەی کراوە (رۆدینکۆ،2020،7-9)، ساڵی 1962 سەر لەنوێ بە تێزەکەدا چۆتەوە لە ژێر ناوی (چیرۆکی شیعری مەم وزین) لە دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتناسی ڕۆژهەڵاتی لەمۆسکۆ لەشێوەی کتێب چاپکراو (ڕەسووڵ، 2009 ،41 )، ڕۆدێنکۆ بایەخی مێژوویی مەم وزینی وا لێکداوەتەوە کە تەنیا ئاشنا بوون بەو بەرهەمە بەس بوویێت بۆ ئەوەی هەمووان ئەو ڕاستیە بزانن ئەگەر مرۆڤایەتی زۆر زووتر ئاگاداری ئەم بەرهەمە بووایە، ئەوا کوردەکان ڕووبەڕووی" ئەو بوختانە نادادپەروەرانە نەدەبوون کە وەک گەلێک دەرهەقیان کراوە، گوایە هیچ کەلتوور ونەریتی ئەدەبی نووسراو ونەتەوەیی خۆیانیان نییە"(ڕۆدینکۆ، 2020، 125) بەمەش سەرکەوتووبوو لە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە لە ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسی هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم برەوی پێدرابوو بەوەی کورد خودان کەلوپوری ئەدەبی وهزری نووسراو نین، ئەوەی هەیە کەلەپور وفۆلکلۆری زارەکیە (هۆشیار، 2015، 26).

کتێبی (وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست)ی ڕۆدێنکۆ، بەلای توێژەرێکەوە دەبوایە ناو بنرایە(مێژووی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست) چونکە لەنووسینەوەی ئەم بەرهەمە ڕەچاوی هەموو ڕەگەزەکانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کراوە، وە بە لەبەرچاوگرتنی بوونی بۆشایی وکەمی سەرچاوە، بەڵام بە پشت بەستن بە میتۆدی نووسینەوەی مێژووی ئەدەب وبە ڕەچاوکردنی چەندین جۆر وشێوازی نووسینەوەی مێژووی ئەدەب لەلای گەلانی پێشکەوتوو لەنێویشیاندا ڕووسی "بەم کەرەسە بە نرخە بەڵام کەم وپڕ کەلێنەی بەردەستی" نموونەێکی سەرکەوتووی لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەدەبی نووسراو بە دیالێکتی کرمانجی سەروو بەرچاو خستووە(ڕۆدینکۆ، 2020، 247)

دووەم: مێژووی نوێی وهاوچەرخی کورد

هەر لە سەرەتای کردنەوەی بەشی کوردی بەرنامەیەکی وورد داڕێژرابوو بۆ لێکۆڵینەوە کردن لە هەموو بوارەکانی مێژووی کورد لەوانە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، مێژووی نوێ وهاوچەرخ (گۆڤاری هیوا، نیسان 1961، ژ(32)، 7، وەرگیراوە لە:ڕۆژنامەوانیی کوردی...،2010، ب 5، 229). بەوورد بوونەوە لەو نووسینانەی کە لەلایەن مامۆستایانی بەشی مێژوو نووسراون دەتوانین پۆلێنیان بکەین بۆ دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش مێژووی نوێ بەپلەی یەکەم دواتریش مێژووی هاوچەرخ.

## أ- مێژووی نوێی کورد

نووسینەوەی مێژوویی کوردی لەبەشی کوردی زێدەڕۆیمان نەکردووە ئەگەر بڵێن بەشی زۆری بەناوی (ی. ئی. ڤاسیلێڤا) گرێدراوە، یەکێک لەکارە هەرە دیارو بەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بووە لەزمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی ڕووسی کە ڤاسیلێڤا بە " کتێبی سەر بڵندیی کوردستان" ی ناوزەند کردووە (ڤاسیلێڤا،2008، 94)، کارەکە لەسەر داوای پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤییەت بەشی لینینگراد (مەزهەر،2008،128)، و بەڕێنمایی کوردۆیڤ ئەنجام دراوە (ڤاسیلێڤا، 2021،9)، ماوەی دوازدە ساڵی خایاندووە، توێژەرێکیش وەک پرۆژە و کارێکی "هەرە گەورەو سەرکەوتو" ی بەشی کوردی لەبواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی دیووە (محەمەد وئەوانیتر،1974، 114). ڤاسیلێڤا هەر بە وەرگێڕانەکە نەوەستاوە بەڵکو دوو پێشەکی تایبەتی بۆ هەردوو بەرگی شەرەفنامە نووسیووە، بەرگی یەکەمیان 619 لاپەڕەیە، لەو ژمارەیە تەنیا 412 لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەی شەرەفخان. بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێک بابەتگەل، کە وەرگێڕ بەپێویستی زانیووە، 678 پەراوێزی بۆی نوسیووە لەگەڵ دانانی پاشکۆ و کورتە باسێکی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی (ڤاسیلییڤا، 2021، 10 )، بە گوتەی کەمال مەزهەر ئەو بابەتانەی ڤاسیلێڤا تۆماری کردون زانیاری نوێ بوون، زۆربەی هەرە زۆریان تا ئەوکاتیش لای خوێنەرانی کورد نەزانراو بوون (بدلیسی،2006،126). بەرگی دووەمی شەرەفنامە (خاتیمە) 350 لاپەڕەیە، تەنیا 233، لاپەڕەی دەقی وەرگێڕدراوی شەرەفنامەیە، 115 لاپەڕەی تر بریتین لەنووسینەکانی ڤاسیلییڤا وەک پێشەکی، لەگەڵ 412 ڕوونکردنەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەوە پێڕستی ناوی کەسایەتی ومیرنشینە ناوهاتوو وشوێنە جوگرافیەکان و پوختەیەک بە زمانی ئینگلیزی تێدایە. لە نووسینی هەردوو پێشەکی پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوە بەستووە، بەرگی یەکەم بە زمانی ڕووسی لە ساڵی 1967، بەرگی دووەمیش نۆ ساڵ دواتر لە ساڵی 1976 لە مۆسکۆ بڵاوکراونەتەوە (ڤاسیلییڤا، 2021، 10-12).

لەسەرەتای بەرگی یەکەمی شەرەفنامە، ڤاسیلێڤا گوزەرێکی ووردی بەنێو ئەو دەستنووسانەی شەرەفنامەدا کردووە کە لە مۆزەخانەو پەرتوکخانەکانی بەریتانیا، پاریس، لینینگراد ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئیستەمبۆل پارێزراون. تا کاتی چاپی کتێبەکە ژمارەی دەستنووسەکانی بە 22 دانە دیاریکردووە کە لەو ناوەندانە پارێزراون. ڤاسیلێڤا ئاگاداری وەرگێرانی شەرەفنامە بۆ هەندێک زمانی جیهانی بووە لە نێویشاندا هەردوو وەرگێڕانە عەرەبیەکەی شەرەفنامە بووە، کە لەلایەن مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی ساڵی1953 ومحەمەد عەلی عەونی 1958 ئەنجامدراون، دوای خستەڕووی کورتەیەک لە باسی میرە کوردەکانی بەدلیس لەکۆتایی سەدەی 15- وسەدەی 16 بەتایبەتی ڕونکردنەوەی هەڵوێستیان لەشەڕی چاڵدیران وڕوداوەکانی دواتر، دوای ئەوە ژیانی شەرەفخان وسەرچاوەکانی نووسینەوەی شەرەفنامە باسکراوە، لە ژێر سەردێری (تایبەتمەندیەکانی شەرەفنامە) گوزەرێکی خێرایی بەنێو هەرچوار بەشی شەرەفنامەدا کردووە، لە بەشی کۆتایی تیشک خراوەتە سەر ئەو میرنشینە کوردیانەی کەلە شەرەفنامە خراونەتەڕوو ( ڤاسیلییڤا، 2021، 37- 123).

دەتوانین هەندێک زانیاری ناکۆک ودژ بە یەک وە لە هەندێک باردا زانیاری نادروست لە نووسینەکەی ڤاسیلێڤا دەست نیشان بکەین، بۆ نموونە دەربارەی هەردوو دەوڵەتی(ئێران وتورکیا) مەبەستی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتدارانی قاجار دەنووسێ لەسەرەتای سەدەی 19 لە ژێر کاریگەری ململانێی نێوخۆییەکان دەسەڵات لەم دوو وڵاتە وردە وردە لاواز دەبن وخاکەکانیان دەبنە تەڕاتێنی زلهێزە ئەوروپیەکان (ڤاسیلییڤا،2021،30) لەڕاستیدا چڕکردنەوەی ڕوودانی پەرەسەندنێکی مێژوویی لەتاکە فاکتەرێک لەوانەش لاواز بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتێک، لەوانەیە کارێکی زانستی نەبێت، بۆ نموونە جیا لە ململانێی ناوخۆیی کۆمەڵێک فاکتەری تر ڕۆڵیان دیووە لە لاواز بوونی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی 19

( لهارد، 2008، 23- 376) هەمان شت بۆ دەسەڵاتدارە قاجاریش ڕاستە(مکاریوس، 2003، 235- 263). لەلایێکی دیکە ڤاسیلێڤا نێوان ساڵانی 1837 تاوەکو ساڵی 1852 وەک ماوەی ڕووخانی میرنشیە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دیارکردووە (ڤاسیلییڤا،2021،74). لێرەدا ڤاسیلێڤا وورد نەبووە لە دیاریکردنی هەردوو ساڵ، بۆ نموونە میرنشینی سۆران یەکەم میرنشینی کوردیە لە ساڵی 1836، بابانیش دوا میرنشینی بووە ساڵی 1851 لە سەردەستی عوسمانی ڕووخاون (عەلیاوەیی،2004، 33،49) هەروەها دەنووسێ لە سەدەکانی 16 هەتا ناوەڕاستی سەدەی 19 سەرەڕای هەوڵەکان، هەردوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئێرانی بۆ سەپاندنی سیستەمی بەناوەندیکردن، بەڵام شەش میرنشینی نیمچە سەربەخۆ یان" تا ڕادەیەک خودموختاری "بوونیان هەبووە (ڤاسیلییڤا،2021، 73) لەڕاستیدا میرنشینە کوردیەکان لەدوای شەڕی چالدێران بەگوێرەی ڕێکەوتنی ئیدریسی بەدلیسی وسوڵتان سەلیمی یەکەم لە 1514 جۆرێک لەسەربەخۆیی خۆیان هەبووە، تەنانەت وەک ئەولیا چەلەبی هێمای بۆ کردووە بە فەرمی بە هەندێکیان گوتراوە حکومەتی کوردی (وەرگیراوە لە : هروتی،2008، 70) ڤاسیلێڤا لەودا وورد نەبووە کەدەنووسی لەماوەی سەدی 16 هەتا ناوەڕاستی سەدەی 19 هەر دوو دەوڵەت لەهەوڵی سەپاندنی سیاسەتی ناوەندی بوون، بۆ نموونە ئەوەی تایبەتە بە دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان مەحمودی دووەم 1808-1839 لە چوارچێوەی چاکسازییەکانی بەمەبەستی گیان بەرداکردنەوەی دەوڵەتەکەی،هەوڵی سەپاندنی سیاسەتی بە ناوەندیکردنی داوە لەهەموو ولایەتەکان لەم پێناوەشدا سڵینەکردۆتەوە لەبەکارهێنانی توندوتیژی (الدسوقي ،1976، 109)، کەواتە سەپاندنی سیاسەتی بە ناوەندیکردن تایبەت نەبووە بەمیرنشینە کوردییەکان.

دەربارەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی وئێرانی لەگەڵ میرە کوردەکان، ڤاسیلێڤا وای بۆ چووە هەرگیز لە ڕووی یاساییەوە دانیان بە سەربەخۆیی میرنشینە کوردیەکاندا نەناوە، تەنیا لە ڕێگای دەرکردنی هەندێک فەرمانی فەرمی مافی خاوەنداریتی میرنشینەکانیان پێ ڕەوا بینیون (ڤاسیلییڤا ،2021،88). لە ڕاستیدا لە ڕێگای ئەو فەرمانەی کە سوڵتان سەلیم لە ساڵی 1515 دەریکردبوو بە فەرمی زامنی داننانی فەرمی سوڵتانی عوسمانی کرابوو بەو میرە کوردانەی کە جاڕی لایەنگیریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دابوو، لەبەرمبەردا دەبوایە سوڵتان زانیاری دەربارەی ناوچەکانی ژێر دەستی میرەکان ونازناو و هەژمونی سیاسیان هەبێ، وە بەشێوەی فەرمیش لەتۆمارە ناوەندیەکان تۆمار بکرێن(هروتی، 2008، 68-69)، جیا لەوەش لە نووسراو وفەرمانە سوڵتانییەکان بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ میرە کوردەکان کراوە تا پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە سیستەمی بەناوەندیکردن دەسەڵاتی میرانی کوردی ماوەتەوە.

لەلایێکی تر دەربارەی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرەکوردەکان بۆ چەند سەنجەقێک، ڤاسیلێڤا وای لێکداوەتەوە هەوڵێکی هاوبەشی سەلیم- بەدلیسی بووە بۆ کۆتایی هێنان بە کۆششەکانی میرانی کوردی بۆ خۆدابڕاندن لە ناوەند و هەنگاونان وخەبات کردن بۆ ودەیهێنانی سەربەخۆیی (ڤاسیلییڤا،2021 ،99). دابەشکردنی هەرێمەکان بۆ ئیالەت ئیالەتیش بۆسەنجەق ڕێکارێکی کارگێڕی عوسمانی بووە، لە ولایەتەکانی عێراق (مراد،2018، 44) وعەرەبیەکان و لە هەرێمەکانی بەڵکانیش جێبەجێکراوە، لەمەشدا دەردەکەوێت جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارە کارگێڕیە بابەتگەلێک نەبووە تایبەت بە کورد بووبێت. بەدوور نازانرێت بەشێکی ئەوە تێبینیانە لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێت کە ڤاسیلێڤا پشتی بە ژمارەیەک سەرچاوەی ڕووسی بەستابێت، ڕووسەکانیش بەگشتی لە زۆربەی قۆناغەکان بە تایبەتی لەهەردوو سەدەی 18-19 پەیوەندیان لەگەڵ عوسمانیەکان باش نەبووە، بۆیە سەرچاوە ڕووسییەکان دانی خێریان پێدا نەناون.

شارەزابوونی لەزمانی فارسی ڤاسیلێڤای زیاتر بەلای گرنگی دان بەمێژووی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان شکاندۆتەوە، بۆیە ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی کە لەساڵی 1977 بەرگری لێکردووە تەرخان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە کردن لە کتێبی (مێژووی ئەردەڵانییەکان)ی خوسرەوی کوڕی محەمەدی ئەردەلانی، کە سەرچاوەیێکی ڕەسەنە دەربارەی مێژووی میرنشینەکە لە هەردوو سەدەی 18-19. ڤاسیلێڤا هەر بەوەش نەوەستا، بەڵکو هەڵسا بە وەرگێڕانی هەمان کتێب لە زمانی فارسییەوە بۆ ڕووسی، جیا لە وەرگێڕانەکەی، پێشەکی ولێکدانەوە وزانیاری گرنگی بۆ زیاد کردووە، ساڵی 1984 لەمۆسکۆ لە دوو تویێ 220 هاتۆتە وەشان (ڤاسیلییڤا،2021 ،9).جیا لە بەرهەمی چاپکراو، ڤاسیلێڤا ژمارەیەک توێژینەوەی مێژوویی نووسیووە، بۆ نموونە ساڵی 1967 توێژینەوەیێکی بە ناوی (نووسراوەیەکی نەناسراو لە سەر

مێژووی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە (موسائیلیان، 2011، 125) تێدا لێکۆڵینەوەی کردووە دەربارەی ئەو دەستنوسەی مەلا مەحمودی بایەزیدی لەساڵی1857 بەزمانی کوردی بەناوی (کیتابی تواریخی جەدیدی کوردستان) نوسیویەتی، هەزار لاپەڕە بووە، لەلایەنی خۆییەوە لێرخ ئەم کارەی بە تەواوکەر ودرێژکراوەی شەرەفنامە زانیووە. ئەم دەستنووسە سەرنجی ئەلکسەندەر ژابای ڕاکێشاوە، لەبەر ئەوە دەستدەکات بە وەرگێرانی،ساڵی1867 وەرگێراوی پێشەکی دەست نووسەکە بەزمانی فەرەنسی لە دوو تویێ پەنجا لاپەڕە بۆ ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا لەسانت پترسبۆرگ ناردووە، ڤاسیلێڤا کاری لە سەر ئەم پەنجا لاپەڕەیە کردووە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی (ڤاسیلێڤا، 2023، 21- 107).

جیا لە پرسە سیاسیەکان، ڤاسیلێڤا گرنگی بە توێژینەوەی بواری کۆمەڵاتیش داوە، ساڵی 1983 توێژینەوەیکی بەناوی(سەبارەت بە کۆچبەرانی باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە، کەتێدا جەخت لە کۆچبەرانی ئەو سنورە جوگرافیەی کوردستان دەکاتەوە کە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەشت ودۆڵەکانی نێوان دیالە و زێی بچووک لە ڕۆژئاوا، لەگەڵ ناوچەکانی ئەردەلان لە ڕۆژهەلات، درێژبۆتەوە، بەڕای ڤاسیلێڤا ئەم سنوورە لەسەدەکانی 12-17 لەبازنەی دەسەڵاتی میرانی ئەردەلان بووە، پاش ڕێکەوتنی زەهاو لە1639 ناوچەکانی شارەزور، زەهاو، دەکەونە ژێر دەستی بابانەکان، بەم پێیە ئەم سنورە بە کردار لەنێوان هەر دوو میرنشین دابەش، دەبێت، ڤاسیلێڤا کاری لە سەر ئەم هۆزانە کردووە کە ئەم سنورە سیاسیەی عوسمانی وئێرانیان لە بەرچاو نەگرتووە، بەهۆکاری پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و خۆبژێوی لەوانەش ئاژەڵداری لەنێوان هەردوو دوو ناوچە گەرمیان وکوێستانیان کردووە (ڤاسیلێڤا،2023، 233-242)(21). هەروەها عەباس مەمەند نزارۆڤ کە کوردی وڵاتی تورکمانستان بوو، تێزی دکتۆراکەی دەربارەی کوردەکانی وڵاتی تورکستان بووە، ساڵی 1946 گەنگەشەکراوە (موسائیلیان، 2011، 123).

جەلیلی جەلیل یەکێکی تر بووە لەو مامۆستایانەی بەشی کوردی کە پسپۆڕی لە مێژووی کورد هەبووە،سەرچاوەیەک دەنووسی تاساڵی 1964 لەبەشی کوردی ماوەتەوە، دواتر ڕاژەکەی گواستۆتەوە لەبەشی کوردی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی یەریڤان(حصاف،(2010)،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(16) 315)، بەڵام بە ووتەی کاوس قەفتان، جەلیلی جەلیل تا ساڵی1967 لەو بەشە ماوەتەوە، وەک ئاماژەی بۆ کردووە ماوەی حەوت ساڵ(1960-1967) لەگەڵ ناوبراو بەیەکەوە بوون لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سانت پترسبۆرگ(جەلیلی،1987 کوردەکان...، 3)، جەلیلی جەلیل تێزی دکتۆراکەی بەناوی(خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد لەماوەی ساڵانی 50-80 سەدەی 19) بووە، کە ساڵی 1963 گفتوگۆکراوە، ساڵی 1966 لە مۆسکۆ لە شێوەی کتێب تر بەناوی (ڕاپەرینی کوردەکان 1880) بە زمانی ڕووسی بڵاوکراوەتەوە (حصاف،(2010) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(16) 316)، ساڵی 1987 لەلایەن کاوس قەفتانەوە وەرگێڕاوتە سەر زمانی کوردی. لەسەرەتادا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر بارودۆخی کوردەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم، دواتر بەکورتی ڕۆڵی کوردی لە شەڕی عوسمانی ڕووسی ساڵانی 1877-1878 لەگەڵ ڕاپەرینی عوسمان بەگ و حوسێن بەگ ساڵی 1878 لە هەرێمی جەزیرە دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی خستۆتە ڕوو، دواتر تەواوی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ژیان وپێگەی شێخ عوبیدوڵا لە ناو کوردەکان وباسی شۆڕشەکەی لە 1880. ئەگەر چی کاریگەری ئەو ئاڕاستە نووسینەی کە لەوکاتدا لە یەکێتی سۆڤییەت باو بووە بەسەر نووسەرەکەیەوە دیارە، بەڵام بایەخ وگرنگی ئەم سەرچاوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە نووسەرەکەی پشتی بە بەڵگەنامە ودەستنووسەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا بەستووە، کە کەرەستەیەکی زۆریان دەربارەی یادداشت وبیرەوەری دیپلۆماتە ڕووسیەکان تێدایە بە تایبەتی ئەوانەی لە شارەکانی ئەرزەڕۆم، وان، دیاربەکر، ترابزۆن ،تەورێز و چەند شوێنێکی تریش کاریان کردووە. ئەمەو سەرباری نووسراو ویادداشتانامەی موژدەدەرکان، لەگەڵ ڕۆژنامە ئینگلیز وتورک وئەرمەنەکان و ژمارەیەک لە سەرچاوەی تر کە لەلایەن نووسەرانی کورد بەهەردوو زمانی کورد وعەرەبی نووسراون(جەلیلی، ڕاپەڕینی کوردەکان1880، 1987 7- 252).

کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی 19)، کتێبی دووەمی جەلیلی جەلیلە لە نیسانی 1973 لەمۆسکۆ بە زمانی ڕووسی لە لایەن ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەت پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی لە مۆسکۆ بە قەبارەی(200) لاپەڕە بڵاوبۆتەوە، لەپێشەکی وحەوت بەش پێکهاتووە (حەیدەری، 2023 ،مەکیسم گورکی... ،10-11)،

لەلایەن کاوس قەفتانەوە کراوە بە کوردی، دوای خستنەڕوی بابەتی نیشتەجێبوونی هۆزەکوردەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی 19 و شەن وکەوی دۆخی میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەستی عوسمانی لە سەرەتای هەمان سەدە، دواتر پانتایی گەورەی بۆ میرنشینی سۆران بە تایبەتی لە سەردەمی میر محمەدی ڕەواندزی و بزوتنەوەی بەدرخان پاشا لە ناوچەی بۆتان وجولانەوەکەی یەزدان شێر تەرخانکردووە (جەلیلی، کوردەکان ...،1987، 7- 291)، سەرەڕای دەوڵەمەندی کتێبەکە بە سەرچاوەی جۆراوجۆر، بەڵام نوسەرەکەی کە یەزیدیە لە هەندێک باردا کەوتۆتە بەرەی بەرگریکردن لەهاو ئایینەکانی بۆ نموونە، لە باسی هێرشی ڕەشید پاشا لە هاوینی 1834 بۆ ناوچەی سیعرەت ئاماژە بەوە دەکات ناوبراو شکستی هێناوە لە ڕازیکردنی کوردەکانی ناوچەکە بە هێرشکردنە سەر ئەرمەن و کوردە یەزیدیەکان، دواتر دەنووسێ " پەلاماردانی یەزیدییەکان ئەوەی بەدوادا ئەهات زۆریان لێ بکەن ببنە موسڵمان"(جەلیلی، کوردەکان...،1987، 166-168)، ئەم هاوسۆزییەی نووسەر لە باسی ئەرمەنەکانیش دەردەکەوێ، بەو پێودانگەی نووسەر لەیەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا دانیشتووە، بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا لە دەمی باسکردنی نیشتە جێبوونی هۆزە کوردەیەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی 19، لەباسی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەئەرمینیای ڕۆژئاوا ناویان دەبات، بەمەش گەرەکیەتی ئەرمەنە نیشتەجێبووەکانی هەرێمەکە بکات بەدانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە وهۆزە کوردەکانی ناوچەکەکانی مووش ، بەدلیس ،ساسۆن و بایەزید...هتد، وەک غەوارە ونامۆ لەناوچە بناسێنێ، لەم بارییەوە دەنووسێ "... لەئەرمینیای ڕۆژئاوادا ژمارەیەکی زۆری عەشرەتی کورد لەگەڵ دانیشتووە ئەرمەنە ئەسڵییەکاندا ئەژیان" (جەلیلی، کوردەکان...،1987، 35).لەدەمی باسکردنی جولانەوەی یەزدان شێر لە ساڵانی 1854-1856 تێبینی دەکرێت جەلیلی بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری سەرچاوە ڕووسەکان، خۆی لەبەرەی پاڵپشت لە جولانەوەکە ودژایەتی دەوڵەتی عوسمانی دۆزیوەتەوە، جولانەوەی یەزداشێر هاوکات بووە لەگەڵ بەرپابوونی شەڕی قرم 1853-1856 کە ڕووسەکان لەبەرامبەر عوسمانیەکان جەنگاون، یەزدان شێریش هەڵی ئەم جەنگەی قۆستەوە کە سوپای عوسمانی لەبەر ئەنجامی جەنگەکە زۆربەی هێزەکانی لەکوردستان پاشەکشە پێکرد، ئەوەبوو یەزدان شێر هەرێمی جەزیرە وناوچەکانی نێوان وان موسڵی دەستبەسەرداگرت (عەلیاوەیی،2004، 74-75)، ئەم پاڵپشتیەی لە جولانەوەکە لەکاتێکدا بووە یەزدان شێر ناپاکی لە بەدرخان پادشای میری بۆتان کرد کە ئامۆزای خۆی بوو ویارمەتی عوسمانییەکانیدا بۆ لە باربردنی جولانەوەکەی بەدرخان پادشا لە 1847، لەگەڵ ئەوەشدا جولانەوەکەی یەزدان شێر بە " ڕاپەرینە هەرە گەورەکانی کوردستانی تورکیا" ناو دەبات تەنانەت جۆرێ لە زێدەڕۆیش دەکات کاتێک دەنووسێت ڕاپەرینەکە ڕەنگدانەوەی نارەزایەتی هەموو دانیشتوانی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بووە، نەک ئەوەندەش بەڵکو دەڵێ"زوربەی هەرە زۆری میللەتەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات ئامادەبوون بدەنە تەک ڕاپەرینەکە"(جەلیلی،کوردەکان...،1987، 277).

جیا لەوەش جەلیلی تاکە هۆکاری کەوتنی میرنشینی سۆرانی بەستۆتەوە بەفتواکەی مەلای خەتێ گوایە ئەوەی شەڕی عوسمانیەکان بکات" ئەبێتە کافر وتەلاقی ئەکەوێت"(جەلیلی، کوردەکان....،1987، 184)، ئەم بۆچوونەی نووسەر لەچەند لایێکیەوە مایەی سەرنجە، لەلایێک دەوڵەتی عوسمانی وەک باسمان کرد بڕیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دابوو، ئەمەش واتای ڕووخانی دەسەڵاتی میرە کوردەکان بووە، خۆ ئەگەر ئەو فتوایە مایەی ڕووخانی دەسەڵاتی سۆران بووبێت توێژەران مافیان هەیە بپرسن ئەی میرنشینە کوردیەکانی کە بەدوای سۆران ڕووخان بە فەتوای چ پیاوێکی ئاینیی ڕووخاون؟، لەلایێکی دیکە لێرەدا ئەم پرسیارەش دەکرێت ئەی بۆچی مەلای خەتی لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی یەکەمجاری سوپای عوسمانی لەگەڵ هێزەکانی میرنشینەکە فتوای ڕاگرتنی شەڕەکەی نەداوە، کاتێک سوپای عوسمانی بەرلەوەی بگەنە ڕەواندز دەستیان بەسەر ئامێدی و ئاکرێ وناوچەکانی تردا گرتووە لە ڕاستیدا میر محەمەد کاتێک زانیوویەتی ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەو سوپا زەبەلاحەی عوسمانی بێتەوە( هروتی، 2008، 204 )، کە خودی جەلیلی ژمارەیانی لەکاتی بەرێکەوتنیان بە سەرۆکایەتی ڕەشید پاشا لە هاوینی 1834 بە چل هەزار سەرباز دیاریکردووە (جەلیلی،کوردەکان ...،1987،166) دواتر لە دەشتی هەریریش هێزەکانی والی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا، بەر لەویش هێزەکانی محەمەد پاشا ئینجە بێرەقداری والی موسڵ دەدەنە پاڵ هێزەکەی ڕەشید پاشا، دوای لە دەستدانی بەشی گەورەی ناوچەکانی ژێر دەستی، میر محەمەد بڕیاری خۆ ڕادەستکردنی داوە (هروتی، 2008، 202-204) توێژەرێکیش وای بۆچووە ئەگەر تێکشکانی

هەر بزاڤێکی کوردی پەکی لە سەر فەتوای پیاوێکی ئایینی بکەوتایە ئەوا دوژمانی کورد" بە کورت ترین ڕێگەو بە ئاسانی و زۆر بەهەرزان" کۆتاییان بەو بزاڤانە دەهێنا (جەلیلی، کوردەکان...،1987، 308) لەلایێکی تر ڕۆژنامە بەریتانیەکان لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانیان بەدوادچوونی ووردیان بۆ لەشکر کێشی سوپای عوسمانی بۆ سەر میرنشینی سۆران کردووە، بە هیچ جۆرێک باسی فەتوای مەلای خەتێیان نەکردووە (محەمەد ئەمین، 2024، 35-43) هەر بۆیە بەشێکی توێژەران ئەمە بەزانیاریەکی ناڕاست وهەڵبەستراو دەزانن (حەمەکەریم،٢٠٠٦: ٢٣-٢٩ ؛ البحركي، ٢٠١٨: ٥٣-١١٢).

**ب -مێژووی هاوچەرخی کورد**

لەکۆتاییەکانی1963 کاوس قەفتان تاوتوێی تێزی دکتۆراکەی دەکات کەتایبەت بووە بە ڕاپەڕینەکانی بارزان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، تێدا تیشکی خستۆتە سەر ڕاپەڕینەکەی شێخ عبدوالسلام بارزانی 1909 تاوەکو کۆتایی جوڵانەوەی بارزانی دووەم لە1945،جیا لە ڕاپەڕینەکانی بارزان بەشی پێنجەم وکۆتایی تەرخان کردووە بۆ باسی (کۆماری کوردستانی دیموکراتی لە مهاباد) (قفطان،2002، 3-183).

دەربارەی فاکتەرەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە، جیاواز لەوەی لە یادداشتەکانی ئاماژەی پێداوە کە نووسیوویەتی کوردۆیڤ پێشنیاری ناونیشانی بابەتەکەی بۆ کردووە (قەفتان، 2009، 170)، بەڵام لە پێشەکی کتێبەکە جیاوازتر ئاماژە بە فاکتەرەکانی دەستنیشان کردنی ناونیشانی تێزەکە دەکات وهێمای بەوە کردووە کە ڕاپەڕینەکانی بارزان لە نێوان ساڵانی 1909- 1945 وەکو باقی ڕاپەرینەکانی تری باشووری کوردستان ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی فراوانی چەواشەکاری ڕاستییە مێژوویەکان بۆتەوە، لەوانە شێواندنی پاڵنەر وهۆکار وئامانجەکانی، لەوەشدا زیاتر نووسەرە ئینگلیزەکان لە کەسانی سەرباز و وسیڤیل و گەڕیدە تۆمەتبار دەکات، واشی بۆچووە بەشێک لەوانە بەر لە ساڵانی جەنگ بە شاراوەیی وناوی خوازراو ڕوویان لە باشوری کوردستان کردووە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری وبەرزکردنەوەی بۆ سەرووی خۆیان وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ داگیرکردنی کوردستان، لەمەشیان تێبینی دەکرێت ڕایەکەی دەچێتە خزمەتکردن بە سیاسەتی سۆڤییەتییەکان کە لەوکاتدا لە گەرمەی شەڕی ساردا کەوتووبونە بەرەی نەیاری بەریتانیا. لەلایێکی دی بەگوێرەی زانیاری قەفتان تاوەکو ئەوکاتیش هیچ توێژینەوەیێکی سەربەخۆ دەربارەی بابەتەکە بە زمانەکانی بێگانە نەکراوە، کە پاڵپشت بێت بە بەڵگەو واقیعی مێژوویی ودووربێت لەدەمارگیری کەسێتی هەموو ئەو هۆکارانە بەسەر یەکەوە پاڵنەری هەڵبژاردنی بابەتەکەی بوون (قفطان،2002،4-5). هەرچەندە لەپێشەکی کتێبەکە هێمای بەوە کردووە ئەوەندەی لە توانایدا بووبێت خۆی بەدوور گرتووە لە لایەنگیری و دەمارگیری، هەوڵیداوە بەگرتنە بەری شێوازێکی زانستیانە ڕاستییە مێژووییەکان وەکو ئەوەی ڕوویانداوە بخاتە ڕوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەفتان لەیەک کاتدا هەم لایەنگیری نەتەوەیی پێوە دەبینرێت بۆ نموونە دەربارەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عبدوالسلام بارزانی دەنووسێ" قوتابخانەیێکی شۆڕشگێڕی بەهێز بوو بۆ بزاڤی ئازادیخوازی کوردی" (قفطان، 2002، 36)، لەلایێکی دی لە هەندێک شوێندا لە ژێر کاریگەری میتۆدی مەتریالیزمی مێژوویی کە لەلایەن مارکس و ئەنگڵسەوە بناغەکەی داڕێژرابوو، شرۆڤەو شیکردنەوەی ڕووداو پەرەسەندنە مێژووییەکان دەکات، هەر بۆیە لەم کتێبە فاکتەرە ئابوریەکانی وەک بزوێنەری ڕووداو پەرەسەندنە سیاسیی وکۆمەڵاتییەکان دیووە (حەمەد،2024، 82). بۆ نموونە بەشی یەکەمی کتێبەکەی بە ناوی(بارزان: دۆخی ئابوری وداب ونەریتەکان) دەستپێکردووە (قفطان،2002، 11). هەروەها بە باڵا هەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ودەسەڵاتی سۆڤییەتی بەگشتی وەک سەرچاوەیێکی شۆڕشگێڕی ڕەسەن ودانپێدانەری مافی چارەنووسی گەلان، وەستانەوە دژی خواستە داگیرکاریەکانی وڵاتانی ئیستیعماری دیووە، لەدیدی قەفتان کاریگەری بێ ئەندازەیان بەسەر بزاڤی کوردی وڕێبەرانی هەبووە، لەم سۆنگەییەوە بەچاوی سۆزەوە سەیری سۆڤییەتیان کردووە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن،لەم ڕووەوە ئاماژەی بە نامەیێکی شێخ مەحمود کردووە کە بۆ لینینی ناردووە، تێدا شێخ بەچاوی سۆز وڕێزەوە سەیری شۆڕشی ئۆکتۆبەری کردووە، وبڕوای خۆی بە دەسەڵاتی نوێی سۆڤییەت دووپاتکردۆتەوە، بۆ وەستانەوە دژی ئیستیعماری ئینگلیزی داوای یارمەتی لێکردون (قفطان،2002،41)، ئەم ڕایەی قەفتان بۆ کاریگەربوونی بزاڤی کوردی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دروستە، ئەوەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە دوای شۆڕش هۆشیار سیاسیی وبیری شۆڕشگیری بەنێو ئەوانەی هەڵگری بەیداخی نەتەوەیی بوون بەخێرایی بڵاو بۆتەوە (قفطان،2002،147).

جێگەی باسە زاڵبوونی لایەنگیری سۆڤییەتی بەسەر قەفتانەوە وایکردووە تەنانەت بەجۆرێک لە جۆرەکان چاو پۆشی لە ڕۆڵی نەرێنیان لەڕووخانی کۆماری کوردستانیش لەمهاباد بکات، دوای ڕێکەوتنی سۆڤییەتی ئێرانی لە4 نیسانی 1946 دەسەلاتدارانی سۆڤییەتی پشتیان کردە ئەو بەڵێنانەی دابوویان بەکوردەکان بۆیە بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە لەبەرامبەر پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤییەتی لەناوچەکانی باکوری ئێران دوای مانگ ونیوێک لەدوای 24 ئازاری هەمان ساڵ، سۆڤییەتەکان وەرگرتنی جیاوکی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی ئێرانی – سۆڤییەتی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت لە کێڵگەکانی باکوری ئێران زامن دەکەن (الدوسكي، 2005، 183– 184)، قەفتان لە سۆنگەی پاساو هێنانەوە بۆ سۆڤییەتییەکان، وای بۆچووە مافی خۆیان بووە بیر لەدەستگرتن بەسەر بیرە نەوتیەکانی باکوری ئێران و دەریای قەزوین بکەنەوە، تاوەکو لەم ڕێگایەوە ڕێگری بکەن لەولاتانی ئیستیعماری لەبەکارهێنانی ئەو ناوچانە وەک مەکۆی سیخوڕی کردن ودەستخستنە ناو کاروباری سۆڤییەت وهەڕەشەلێکردنی (قفطان،2002،163).

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەکوردستانی عێراق 1958–1964 یەکێکی ترە لەدانراوەکانی کاوس قەفتان، کە لەماوەی1963–1966 نووسراوە، لەپێنج بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم چەردەێک لە بارودۆخی ئابوری وکۆمەلایەتی لە عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی لەپێش شۆڕشی 1958 خراوەتە ڕوو، ناونیشانی بەشی دووەمیش هەمان شێوەیە تەنیا لەماوەی مێژووییەکەی باسی دوای شۆڕشی کردووە لەگەڵ خستنە ڕووی سیاسەتی جیاکاری حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردستان، بەشی سێیەمی تایبەتکردووە بەکورد وشۆڕشی 1958، لەبەشی چوارەم تیشکی خستۆتە سەر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی دوای کەوتنی دەسەلاتی قاسم ناونیشانی بەشی پێنجەم وکۆتاییە.

لەپێشەکیەکەی شیکردنەوەیەکی زانستیانەی بۆ هەندێک لەو سەرچاوانە کردووە کە بەکاریهێناون، ئەوەی مایەی سەرنجە، ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە هەندێک لە سەرچاوە ڕووسەکانیش گرتووە، بەدوور نازانرێت ئەم بوێریەی نووسەر لە ڕەخنەگرتن لەسەرچاوە ڕووسەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو ڕەشنووسی ئەم کتێبەی لە کۆتاییەکانی 1966 تەواو کردووە( قفطان،2004، 3) (لەلاپەڕە 265 ئاماژەی بەوە کردووە لە ناوەڕاستی ئەو ساڵە لە نووسینی بۆتەوە) ساڵی دواتر گەڕاوەتەوە عێراق، کتێبەکەش هەر بە دەستنووسی ماوەتەوە لە سۆڤییەت بڵاونەکراوەتەوە، بۆ نموونە دەنووسێ لەماوەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە 11 ئەیلولی 1961- تاوەکو 8 شوباتی 1963 لە هیچ بڵاوکراوەیەکی سۆڤییەتی وتار یان توێژینەوە تەنانەت وتارێکی وەرگێڕاو لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژئاواش، دەربارەی ئەوە ماوەیە دەست ناکەوێ، تەنانەت " بەیەک وشەش باسی گەلی کورد وشۆڕشەکەیان نەکردووە" بەڵام لە دوای 8 شوبات خوێنەر سەری سوڕدەمێنێ لەو لێشاوە زۆرەی وتار ولێکۆڵینەوە دەربارەی شۆڕشی کوردی کەلە ماوەی دەسەلاتی قاسم نووسراون، تێدا سەرکۆنەی دیکتاتوریەتی قاسمیان کردووە، بۆ نموونە دوای 8 شوبات ڕۆژنامەی پراڤدا لە یەکێک لەژمارەکانی هێمای بۆ ئەوە کردووە قاسم هەڵمەتی لە ناوبردنی کوردی دەستپێکردبووە (قفطان،2004،18– 21) هەرچەندە قەفتان ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە ناکات کە هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم بێدەنگیەی سەرچاوە ڕووسەکان لەتاوانەکانی قاسم بەرامبەر کورد لەکاتی دەسەلاتەکەیدا لەچیەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەدیدی ئێمە هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ ئەوە دەگەڕاییەوە کەدەسەلاتی سۆڤییەتی نێوانی لەگەڵ قاسم خۆش بووە، تەنانەت لەدوای بیست وچوار کاتژمێر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی 1958 حکومەتی سۆڤییەتی دانیان بە دەسەلاتی نوێدا ناوە( الزبيدي،1981، 210)، لەڕووی ڕێزبەندییەوە بوون بە دووەم وڵات دوای کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە داننان بە شۆڕش (الجبوري،2012، 189).

کارێگەری لێکدانەوەی مەتریالستی لەو بەرهەمەی قەفتان بە ڕوونی لەوەدا دەردەکەوێت کە دوو بەشی سەرەتای بۆ لێکدانەوەی بارودۆخی ئابوری وکۆمەلایەتی تەرخان کردووە لەماوەی بەر لەشۆڕش دوای شۆڕش، تەنانەت دەنووسێت هەر لێکۆڵینەوەیەک بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بە بێ لە بەرچاو نەگرتنی فاکتەرە ئابوریەکان بە تایبەتی نەوت بە لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواوی داوەتە قەڵەم، بەگوتەی ئەو کوردستان لەسەر لێواری دەریاێک لە نەوەتە (8%) یەدەگی هەموو نەوتی جیهان لە کوردستانە، بەڕای ئەو ئەوەش کێشەی کوردی ئاڵۆز کردووە، بەم پێیەی ململانێی وڵاتە داگیرکارییەکان

و ولاتانی دراوسێی لەسەر کوردستان زیادکردووە، هەر ئەوەشی وەک فاکتەری دابەش بوونی کوردستان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لێکداوەتەوە (قفطان ،2004، 15- 27).

لەباسی گرنگی شۆڕشی 14 تەمووز دەسکەوتەکانی کاریگەری ئایدۆلۆژی و کەوتنە ژێر کاریگەری سەرچاوەکان، بەڕوونی بەسەر نووسەرکەیەوە دیارە، بۆ نموونە بەبێ هیچ لێکدانەوەیەکی زانستیانە وزانینی فاکتەرەکانی هەڵگیرسانی جوڵانەوەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلان (شێروانی، 1994، 95-96) بە" مەترسیدار" و بەدەستی هێزە ئیستیعماریەکان وخودی شێخیشی وەک بەکرێگیراوێکی کۆنی ئەم هێزانە سەیر دەکات، دەنووسێ شێخ دژە بزاڤی کوردی بووە وپاڵپشتی هێزە عێراقیەکانی کردووە لەکۆتایی هێنان بەڕاپەڕینی بارزانی دووەم لە1945، تەنانەت کەوتۆتە ئەو هەڵەشەوە کە دەنووسی جوڵانەوەکە لەزستانی1958 بەرپابووە، لەڕاستیدا جوڵانەوەکە لەئایاری 1959 بەرپابووە، بەبێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەک دەنووسێ جوڵانەوەکە بەماڵ وچەکی پەیمانی سەنتۆ وبە هاوکاری هێزە کۆنەپارێز ودواکەوتووەکانی ناوخۆ بەرپاکراوە (قفطان،2004، 96) نووسەر هیچ زانیاریەکی نەخستۆتە ڕوو لەسەر ئەوەی بەچ ڕێگایەک ئەو یارمەتییە سەربازی ودارایانە گەیشتووتە گوندێکی دوورە دەستی وەک لۆلان لە ناحیەی سیدەکان لە سەر سنووری عێراق وتورکیا.

لەشیکردنەوەی ڕوداوەکانی دوای کودەتای 8 شوباتی1963 دەنووسێت هەر لە ڕێگای وەرگرتنی دەسەڵات بە شێوەیەکی فەرمی بە ناوی یاساوە، دەسەڵاتی نوێ دەستیان کردووە بە لەناوبردنی خەڵکانی دیموکراتخواز بەتایبەتی شیوعیەکان، دروشمی قەڵاچۆکردنی نەیارەکانیان بە " ئاگر و ئاسن" بەرزکردۆتەوە بە ڕای ئەو کوشتارە نەک لە مێژووی عێراق بگرە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتیش وێنەی نەبووە، بە بۆچوونی ئەو ئەمە لە کاتێک بووە ولاتانی ئیستیعماری پێشوازیان لەو دەسەڵاتە نوێیە کردووە، وەک ئامراز و ئەلقە لەگوێی خۆیان دیووە بۆ لێدان لە ڕەگەزە شیوعیەکان، لەبەرامبەر پرسی کوردیش قەفتان وای بۆچووە هەر بەعسیەکان لەسەرەتاوە بە ساردییەوە بە پیری پرسی کوردییەوە هاتوون(قفطان،2004، 214- 215).

لەکۆتایی پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەندێک لە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لەگەڵ ئەوە بواری پسپۆڕیان مێژووی کورد نەبووە، بەڵام لە پەرۆشیان بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی ناڕوون وهەڵەی باو دەربارەی مێژوو وزمانەوانی کوردی، خۆیان لە قەرەی بواری مێژوونووسیش داوە، یەکێک لەوانە قەناتی کوردۆ بووە، لە وتارێکی ڕەخنەیی مێژوویی بە ناوی(شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازی فارسدا)، سەرنج ورەخنەکانی خۆی دەربارەی کتێبەکەی نووسەری کوردی ئێران ڕەشید یاسەمی بەناوی (مێژووی نەژاد وپەیوەستەکی کوردی) تۆمار کردووە. بۆ بەرچاو خستنی شرۆڤە و لێکدانەوە تیۆرە زمانەوانییەکانی (ن. یا. مارر) و هەندێک لە زمانەوەکانی تر ، لەمەڕ زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (ڕەخنە لە بیروباوەڕی هەڵە لەبارەی زمانی کوردییەوە) نووسیووە، هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی سەرنج وتێبینەکانی خۆی دەربارەی نووسراوەکەی سەر لەشکری یۆنانی گەزنەفۆن بەناوی (ئاناباسیس)، نوسیووە،هەروەها لەوتارێک چەند تێبینێکی زانستی لەسەر کتێبەکەی ڤیلچێڤسکی بە ناوی (کورد سەرەتایەک لەمێژووی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد) تۆمار کردووە، لەکۆتاییشدا ڕەخنەی لە تێزی دکتۆراکەی (گ ب. ئاکۆپۆڤ) گرتووە کە لە ژێر ناوی (سەرنجێک لە نوسراوەکەی ئاکۆپۆڤ، ڕەخنەی مێژوویی لەمەسەلەی نەژادی کورددا) بوو، خۆشی ئەندامی تاوتوێکردنی بووە ، تێدا ئاماژەی بەوە کردووە زانیارییەکانی نێو دوو توێی تێزەکە "ئێجگار لاوازە"، هەڵەو کەم وکورتی زۆری تێدایە، بەڕای ئەو تێزەکە لە ئاستی دکتۆرا نیە و"بۆ وەرگرتنی شەهادەی دکتۆری ناشێت"( بڕوانە: حاجی مارف، 2005، 40- 172).

## ئەنجام

1 -ئەگەر چی لەماوەی توێژینەوەکە 1959-1985 ئاراستەو گرنگی دانی بەشی کوردی لەپەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پترسبۆرگ بە پلەی یەکەم ڕوەو گرنگی دان بووە بە زمانی کوردی، هۆکاری ئەوەش لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە بەشێکی کارمەندانی بواری پسۆڕیان زمان بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئاستی بەشەکە کاری باش کراوە لەبوار توێژینەوە لە مێژووی کورد، بەتایبەتی ئەرشیفی سۆڤییەتی خودان کەرەستە ودەستنووس وبەڵگەنامەی دەگمەن بووە، بۆیە دەستگەیشتنی قوتابیان بەم کەرەستانە، گرنگ بوون بۆ پەرەدان بە بواری توێژینەوەی مێژوویی،

ڕۆڵیشیان هەبووە بە ئاراستەی ناساندنی مێژووی کورد بە جیهانی دەرەوە بە تایبەتی بە سۆڤییەتیەکان، لەکاتێکدا ئەگەر بزانیین هەندێک لە تێزەکان لە شێوەی کتێبیش لەم وڵاتە چاپکراون، ئەمەش هەنگاوێک بووە بۆ شارەزابوونی خوێنەران وئەکادیمیستان بەو مێژووە، بە تایبەتی لەو سەروبەندەدا کە ناوەندە زانستییەکانی ئەم وڵاتە زانیارێکی خاکەڕانەیان دەربارەی مێژوو وئەدەبیاتی کوردی هەبووە، یەکێک لە ئامانجەکانی کردنەوەی بەشی کوردیش هەنگاو نان بووە بەو ئاراستەیە.

2-بەسەرنج دان لەکارە زانسییەکانی ئەم بەشە تێبینی دەکەین بایەخ دان بە مێژووی کۆن و(ناوەڕاست- ئیسلامی)،کورد کەمترین لایان لێکراوەتەوە ئەوەش زادەی چەند هۆکارێک بووە لە پێشەوەی هەموویان نەبوونی پسپۆری پێویست بووە لەم بوارە، هاوکات کەم بوونی سەرچاوە دەربارەی پسپۆڕیانە، جیا لەوانە لێکۆڵینەوە کردن لەمێژووی کۆن پێویستی بە زانینی زمانە کۆنەکان هەبووە، ئەوەش کۆسپ وئەرکێکی زیاتر بووە لەبەردەم قوتابیان بە تایبەتی قوتابیانی باشوری کوردستان، لەکاتێک ئەوان لەسەریان پێویست بووە نامەو تێزەکانیان بەزمانی ڕووسی بنووسن، فێربوونی زمانی تر شان بەشانی زمانی ڕووسی، هێندەی تر ئەرکی قورس دەکردن، سەبارەت بەمێژووی کوردی ئیسلامی جیا لەنەبوونی پسپۆڕی ئەم بوارە وسەرچاوە بە زمانی ڕووسی، دەتوانین بڵێن ئاراستەی گرنگی دانی بەشەکە ڕوەو ئەم بوارەی مێژووی کورد نەبووە.

3- کاریگەری میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی لە لای مێژوونووسانی بەشی کوردی لەڕاڤەو لێکدانەوەی ڕووداو پەرەسەندنە سیاسییەکان بەڕوونی تێبینی دەکرێت، ئەمەش زادەی دوو فاکتەری کاریگەر بووە، یەکەمیان زاڵ بوونی ئەو ئاڕاستە باوەی ناو قوتابخانەی ڕووسی ودواتریش سۆڤییەتی بووە، دوومیان کاریگەری سەرچاوە ڕووسەکانە بەسەر توێژەرەکان بەتایبەتی ئەم حاڵەتە زیاتر لەسەر مێژووی نوێی کوردی بەدیدەکرێت.

## پەراوێزەکان

(1) بۆ زانیاری دەربارەی ژیانی مینۆرسکی وبەرهەمەکانی دەربارەی کورد بڕوانە: (عبدالرحیم،2001، 47–169 ) ؛ А.Н. Бижан. 2021. (С.161–163).

(2) ئیسماعیل محەمەد حەساف، ساڵی1953 لەناحیەی عامودا سەر بە پارێزگای قامیشلۆ لە کوردستانی سوریا لەدایک بووە، ساڵی1986 لەپەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤییەت لەمۆسکۆ ژێر سەرپەرشتی لازاریف بڕوانامەی دکتۆرای تەواو کردووە، وەک پسپۆری بواری مێژووی هاوچەرخ لەزانکۆکانی سەلاحەدین و سۆران وانەی گوتۆتەوە، ئێستا لەهەولێر دەژی .

(3) غازی ئیبراهیم یەعقوب : لەساڵی 1960 لە هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی ودواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی 1983 چۆتە سۆڤییەت ساڵی1990 بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە، نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی(کۆماری دیموکراتی کوردستان لەسیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان 1946-1947)بوو، لە 25 تشرینی یەکەمی 2024 لە وڵاتی فیلەندە کۆچی دوایی کردووە.

(4) جەمشید حەیدەری: ساڵی1940 لە شاری هەولێر لەدایک بووە، قۆناغەکانی سەرەتایی ناوەندی وئامادەیی لەهەولێر وبەغدا تەواو کردووە، ساڵی 1975 ماستەری لە زانکۆی دەوڵەت لە لینینگراد لە ئەدەبی ڕووسی، ساڵی 1979 بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی هەر لە لینینگراد وەرگرتووە، لە ساڵی 1983- 1993 وەک پەنابەر لە سوید ژیاوە، ساڵی1993 گەڕاوەتەوە کوردستان وەک مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین دەست بەکار بووە، ئێستا لەهەولێر دەژی.

(5) یوسف ئەبگاروڤیچ ئۆربیلی 1887-1961: لەساڵی 1887 لە دایک بووە، ساڵی1924 بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەرکۆلۆجیا بەدەست هێناوە، ساڵی دواتر بۆتە توێژەر لە ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەت، خاوەنی چەندین بەرهەم وتوێژینەوەیە. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ژیان و کارە زانستیەکانی بگەڕێوە بۆ: (Юзбашян.К.Н. 1964.С 5-157) (Попова И.Ф. 2012. С.5-14).

(6)قەناتی کوردۆ(کوردۆیڤ): 1909-1985: ساڵی 1909 لە ناوچەی قارس لە کوردستانی تورکیا لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی (رابڤاک-کارکەران)ی لینینگرادە ساڵی 1931، ساڵی 1936 کۆلێژی ڕۆژهەڵات بۆ مێژوو ئاداب وزمان کەدواتر ناوی گۆڕاوە بۆ کۆلێژی ئاداب تەواوکردووە، ماوەی 1950-1985 لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد کاری کردووە، خاوەنی چەندین بەرهەم وتوێژینەوەیە لەبواری زمانەوانی (حەیدەری، پرۆفیسۆر...، 2023، 39- 175).

(7) مارگرێت باریسێڤنا ڕۆدێنکۆ 1926-1976: ساڵی 1926 لە شاری تەفلیسی پایتەختی جۆرجیا لەدایک بووە، ساڵی 1951 لە کۆلێژی ڕۆژهەڵات لە زانکۆی لینینگراد وەک قوتابی خوێندنی باڵا وەرگیراوە وسێ ساڵ دواتر بڕوای دکتۆرای لە هەمان کۆلێژ بەدەستهێناوە، کۆمەلێک بەرهەم وتوێژینەوەی دوای خۆی جێهێشتووە.(ڕەسوڵ، 2009، 33- 124).

(8)یێڤگێنیا ئیلینچیا ڤاسیلێڤا(1935- 2023) ساڵی 1935 لە ناوچەی نوڤگورد لە ڕووسیا لەدایک بووە ساڵی 1944 خانەوادەکەی کۆچ دەکەن بۆ لینینگراد، دەرچووی بەشی مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک وناوەڕاستی کۆلێژی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی لینینگرادە ساڵی 1958. ساڵی

1992 دکتۆرای (زانستی–ناوک) وەرگرتووە کە لەژێر ناوی( کوردستانی باشوری ڕۆژهەلات لەسەدەکانی16-19) بووە لە 15 شوباتی2023 کۆچی دوایی کردووە. (بیجان، گۆڤاری (مێژوناسی،2024، ژ(6) 283- 285).

(9) مارف خەزنەدار: مەعروف عەبدولقادر مەعروف ئەحمەد ناسراو بە مارف خەزنەدار، ساڵی 1930 لە شاری هەولێر لەدایک بووە ،خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەو شارە و دواناوەندی لەکەرکوک تەواوکردوە، لە1957 بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە،ساڵی1963 بڕوانامە دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لەلینینگراد بەدەستهێناوە، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق دەبێتە مامۆستا لەبەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا ساڵی 1981 خانەنشین بووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبیە، لە25 تشرینی یەکەمی2010، کۆچی دوایی کردووە.

(10) کاوس قەفتان: لەساڵی 1933 لەسلێمانی لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی تا زانکۆ لە هەمان شار تەواوکردوە، دەرچووی کۆلێژی (دار المعلمین العالیة- کۆلێژی پەروەردە -دواتر) بەشی جوگرافیا وئابوری سیاسیی زانکۆی بەغدایە ساڵی 1957، ساڵی1963 دکتۆرای لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە لینینگراد بە دەست هێناوە، ساڵی 1967 گەڕاوتەوە وڵات وەک مامۆستا لەکۆلیٚژی ئادابی زانکۆی بەغدا دەستبەکاربووە، ساڵی2000 گەڕاوەتەوە سلێمانی لەبەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان دەست بەکاربووە، لە22 ئاداری 2009 کۆچی دوایی کردووە.

(11) شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم: ساڵی 1951 لە سلێمانی لە دایک بووە قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە، دەرچووی بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدایە، ساڵی 1977 بڕوانامەی لە ئەدەب وکەلتوری کوردی لە پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ وەرگرتووە، لەزانکۆکانی سەلاحەدین وسلێمانی وانەی گوتوتەوە، ئێستا لەهەولێر دەژی.

(12)د. ئارام عەلی مستەفا : لە دایک بووی سلێمانیە 1961، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تا زانکۆ لەو شارە تەواو کردووە، ساڵی1985 بۆتە قوتابی قۆناغی یەکەم لە کۆلێژی ئەندازیاری مەدەنی لەسۆڤییەت، لەساڵی2007 بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێ وهاوچەرخی کورد لە کۆلێژی سۆسۆلۆژی وپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی کوبان لە شاری کراسنودار لە باشوری ڕووسیا بەدەستهێناوە، ئێستا مامۆستایە لەبەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

(13) جەبار قادر: لە ساڵی 1951 لە ناحیەی داقوقی سەر بەشاری کەرکوک لە دایک بووە، بڕوانامەی بکالیۆریۆسی لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا ساڵی1972 وەرگرتووە، ساڵی1973 بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا چۆتە مۆسکۆ ساڵی 1977 بڕوانامەی دکتۆرای لەمێژووی هاوچەرخی تورکیا بە دەستهێناوە، لەزانکۆکانی سلێمانی، موسڵ، سەلاحەدین وکۆیە وانەی گوتوتەوە، لە ساڵی 1991 لە وڵاتی هۆڵەندا دەژی.

(14)جەلیلی جاسمۆڤیچ جلیل: ساڵی 1936 لە یەریڤان لە دایک بووە، دەرچووی کۆلێژی مێژووی زانکۆی یەریڤانە ساڵی 1959، لەگەڵ ئۆردیخانی برای کاریان لەسەر فۆلکلۆری کورد کردووە، خاوەن چەند بەرهەمێکی مێژووییە،لە ئێستادا لەنەمسا دەژی.

(15)دەربارەی گفتوگۆکانی کۆڕەکە بگەڕێوە بۆ:(حەیدەری: 2009، 88- 91).

(16) مومتاز حەیدەری: لە ساڵی 1938 لە شاری هەولێر لە دایک بووە، لەساڵانی 1966-1968 بەنهێنی دەچێتە مۆسکۆ بۆ بەشداری کردن لەخولەکانی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بەشداری لە خوولەکانی پارتیزانی وچاپەمەنی و زانستی دەروونی دەکات، وەک ڕۆژنامەنووس لەچەندین ڕۆژنامە وگۆڤاری کوردی کاریکردوە، ئێستا لە هەولێر دەژی .

(17) ئۆردیخانی جەلیل: کوڕی جاسمی جەلیل وبرای هەریەک لە جەلیلی جەلیل وجەمیلە وزینەیە، ساڵی 1932 لە یەریڤان لەدایک بووە، ساڵی 1956 بەشی ( فیلەلۆژی- زمان وئەدەبیات)ی لەزانکۆی یەریڤان تەواوکردووە، لەنەوتەکانی سەدەی ڕابردوو دکتۆرای ناوکی لە سەر فۆلکلۆری کوردی بەدەستهێناوە،لە21 تشرینی یەکەمی2007، کۆچی دوایی کردووە (حەیدەری،2023 ، دوو ڕوویی لە سیاسەتدا، 325-329).

(18) د.ئەنوەر قادر محەمەد: ساڵی 1947 لە شارۆچکەی عەرەبەت لە سلێمانی لەدایک بووە، دەرچووی بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدایە، ساڵی1973،دەچێتە سۆڤییەت ساڵی1980 ماستەری لەبواری ڕۆژنامەگەری کوردی بەدەست هێناوە، ساڵی 1986 لە بەشی کوردی پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی لە لینینگراد بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، لەساڵی 1987 ڕوودەکاتە وڵاتی سوید، تاساڵی2004 دەگەڕێتەوە دەبێتە مامۆستا لەبەشی کوردی لەکۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەم وەرگێڕانە لە زمانی ڕووسی بۆ کوردی، ئێستا لە سلێمانی دەژی.

(19) د. بنیاد مارف خەزنەدار: لەدایک بووی هەولێرە 1975، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەشارەکە تەواوکردووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازیە لەساڵی 1998، ساڵی 2009 بڕوانامەی ماستەر و ساڵی 2024 دکتۆرای لە هەمان پسپۆڕی بەدەستهێناوە، ئێستا لە هەولێر دەژی.

(20) بەگوتەی مارف خەزنەدار زانیارەکانی تێزی دکتۆراکەی بەشێوەیکی گشتی دابەشکراوە بە سەر هەر حەوت بەرگی مێژووی ئەدەبی کوردی (چاوپێکەوتنی تۆمارکراو لەگەڵ د. مارف خەزنەدار، هەولێر،24 شوباتی 2006) کە لە ماوەی 2001 تاوەکو 2006 لە حەوت بەرگ و 3815 لاپەڕە خراوەتە بەردەست خوێنەران (کریم،2023 ،262).

(21) جیا لەوانی خرانە ڕوو ڤاسیلێڤا ژمارەیەک کتێبی چاپکراو وتوێژینەوەی بڵاوکراوەی تری هەیە دەربارەی مێژووی کورد، لەڕووی ماوەی مێژووییەوە بەشێکیان دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمە. (بیجان: گۆڤاری مێژووناسی2024، ژ(6) ، 285-293).

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: ئەرشیفی کەسی

-ئەرشیفی د. مارف خەزنەدار

- .ئەرشیفی د. جەمشید حەیدەری.

### دووەم: کتێب

### أ-بە زمانی کوردی


- ئەدەبناسیی زارەکی و فۆلکلۆریی کوردی، توێژینەوەکانی دیداری ئەدەبناسیی زارەکی و فۆلکلۆریی کوردی،(2025)، ئامادەکردنی، شاخەوان سدیق، چ1، چاپخانەی پاندا، بێ شوێنی چاپ

- بدلیسی، میر شەرەف خانی(2006)، شەرەفنامە مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، و. مامۆستا هەژار، چ3،هەولێر.

-پیرباڵ، فەرهاد (2006)، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- جەلیل، جەلیلی،(1987)، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و. کاوس قەفتان، بەغدا.

- جەلیل، جەلیلی،(1987)، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880، و. کاوس قەفتان، چاپخانەی دار الزمان ،بەغدا.

- حاجی مارف، ئەورەحمانی ،(2005)، بەرهەمەکانم لە بارەی کوردناسییەوە، نووسین و وەرگێران، کتێب و لێکۆڵینەوە،سلێمانی .

- حەمە کەریم، حەسەن مەحمود(٢٠٠٦)، فەتواکەی مەلای خەتێ ئەفسانەی مێژوونوسیک، چ١، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

- حەیدەری، جەمشید،(2023)، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ) چ1، هەولێر.

- حەیدەری، جەمشید،(2023)، مەکیسم گۆرکی مرد یان کوژرا؟ وچەند وتارێکی دیکە، چ1، هەولێر.

- حەیدەری، جەمشید،(2023)، دوو ڕوویی لە سیاسەتدا، چ1، هەولێر.

- حەیدەری، مومتاز،(2009)، مەلای گەورە، پێشەکی، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پێداچوونەوەی، کەریم شارەزا، چ2،هەولێر.

- خەزنەدار، مارف،(2001)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب1، چ1،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- خەزنەدار، مارف،(2006)، دیجلەی هزرم، ب1،چ2،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- ڕەسووڵ، شوکریە،(2009)، ڕۆڵی مارگرێت ڕوودێنکۆ لە بوژاندنەوەی کەلەپووری کورددا، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڤاری هیوا 1957-1963، (2010)لێکۆڵینەوەو ئامادەکردن، د. هیمدادی حوسێن، ب5، ،چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

- سەپان، مەغدید ،(2019)، کوردستانی نوێ بە زمانی ڕوسی ژمارە (1-19) چاپخانەی پیرەمێرد، بێ شوێنی چاپ.

- سدیق وڕەفیق ساڵح،(2010)، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ساڵی یەکەم (ژ، 1-6نیسان- ئەیلولی1960، چاپخانەی شڤان،سلێمانی.

- سدیق وڕەفیق ساڵح،(2011)، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ساڵی یەکەم(ژ، 7-12 تشرینی یەکەم 1960-مارتی 1961)، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی.

- شێروانی، مامخان،(1994)، بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ومێژووی یە لە سەر بارزان تا بەهاری 1974، لندن.

- عەبدوڵڵا، نەجاتی،(2022) گەڕان بەدوای مرواری ناودارانی کورد وکوردناسی، کتێبی دووەم، ب1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- عەبدولواحید، ئازاد،( 2018) د. مارف خەزنەدار لە گۆڤاری ڕامان دا، سەرجەمی نووسینەکانی د. مارف خەزنەدارە کە لە گۆڤاری ڕامان دا بڵاوکراونەتەوە، ب1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- عەبدوالواحید، ئازاد،(2019) پ. د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ ئەزموونی بە بڕشتی قەڵەمێکی سەربزێو، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- عەلیاوەیی،عەبدوڵڵا،(2004)، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی(لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری مێژووی سیاسی دا)،سلێمانی.

- ڤاسیلیێڤا، ی. ئی،(2008) شەرەفخانی بەدلیسی، سەردەم ،ژیان، نەمری، و، ئارام عەلی، چ1، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- ڤاسیلیێڤا، ی. ئی،(2021) لێکۆڵینەوە لە شەرەفنامە و شەرەفخانی بدلیسی لە دوو پێشەکیدا بۆ دوو بەرگی شەرەفنامەی ڕووسی، پێشەکی ،د. جەبار قادر ، و، مەنسوور سدقی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- ڤاسیلیێڤا، ی. ئی،(2023)، کتێبە ونبووەکەی مێژووی کوردستان، پێشەکی و نفیسار، د. جەبار قادر، و، مەنسور سدقی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- قاضی، حافظ ،(2005) چ2، ڕۆناهی کوڤارەکا کوردی بوو دناڤبەرا 1960-1962 ێ دا ل بەغدا دەرکەتییە، چ2. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

- محەمەد وئەوانیتر،(1974)، بەرکوتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، 1974.

- مێژوو و کوردناسی،(2014)، ب1، وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

-مەزهەر،کەمال،(2001)،چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب2، ئامادەکردن، عەبدوڵڵا،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

- مەزهەر، کەمال،(2008) مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد ومێژوو، چ2، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

- موسائیلیان،ژ. س،(2011)، بیبلیۆگرافیای کوردناسی ،کورد وکوردستان لە سەرچاوە ڕووسییەکاندا، و. ئەفرەسیاو هەورامی، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– هەژار،(1997) چێشتی مجێور، خانی شەرەفکەندی ئامادەی کردوەو سەرپەرشتی کردوە، چ1، پاریس.

– هوشیار،جەودەت (2015)گەنجینەکانی کەلەپووری کوردی  لە خەزێنە کانی پترسبۆرگدا، و: شوکرییە رەسووڵ، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

**ب – بەزمانی عەرەبی**

– البحركي، ملا طاهر،(2018) ، محمد پاشا الرواندزي والفتوى المنسوبة الى العلامة الخطي، مطبعة ژيان، ط ٢، دهوك.

– الجبوري، نصير محمود شكر،(2012)، السياسة الخارجية للجمهورية العراقية 1958–1963 دراسة في ضوء مقررات مجلس الوزراء، دار الضفاف للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد.

– حصاف، اسماعيل محمد ،(2009)، كوردستان والمسالة الكوردية، ط1، مؤسسة موكرياني  للبحوث والنشر.

– خزنه دار، معروف،(1993)، موجز تاريخ  الادب الكردي المعاصر، ت، د.عبدالمجيد شيخو، الناشر،هوشنك كرداغي، حلب.

– الدوسكي، هوزان سليمان،(2005)، جمهورية كوردستان،22 كانون الثاني 1946–17 كانون الاول 1946(دراسة تاريخية– سياسية)،ط1، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

– الدسوقي، محمد كمال،(1976)، الدولة العثمانية والمسألة الشرقية، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة.

– رودينكو.م. ب،(2019)، وصف المخطوطات الكردية في مجموعات لينينغراد، ترجمة،د. عبدي حاجي، مطبة جامعة صلاح الدين، اربيل.

– الزبيدي، ليث عبدالحسن،(1981)، ثورة 14 تموز1958 في العراق، ط2، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد.

– عبدالرحيم، طارق،محمد،(2001)، المستشرق فلاديمير ف. مينورسكي وكتاباته عن الكرد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية، ط1، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

– قفطان، كاوس،(2002)، الانتفاضات البارزانية صفحات من الحركة القومية التحررية الكردية في النصف الاول من القرن العشرين، من منشورات مطبعة سركوتن. دون مكان الطبع.

– قفطان، كاوس،(2004)،الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق 1958–1964،ط1، سليمانية.

– كريم، ازاد عبدالواحد،(2023)، تاريخ الادب الكوردي، دراسات في تاريخ الكورد وادابها مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.

– لهارد أنكة ،(2008)، تاريخ الاصلاحات والتنظيمات في الدولة العثمانية، ت. محمود علي عامر.ط1، دار الزمان للطباعة والنشر، دمشق.

– مجموعة من المستشرقين السوفيات ،(1980)، تاريخ الاستشراق والدراسات العربية والكردية في المتحف الاسيوى ومعهد الدراسات الشرقية في لينينغراد 1818–1968، ترجمة وعلق عليه وقدم له ،د. معروف خزنه دار، مطبعة المعارف، بغداد.

– مراد، خليل علي،(2018)، العراق في العهد العثماني الثاني دراسة في الإدارة  العثمانية والحياة الإقتصادية1638–1750م،ط1، بيروت.

– مكاريوس، شاهين،(2003)، تاريخ إيران، دار الافاق العربية، القاهرة.

– هروتي، سعدي عثمان،(2008) ، كوردستان والامبراطورية العثمانية دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان1514– 1851، ط1، مطبعة خاني، دهوك.

**ت- به زمانی ڕووسی**

– Маруф Хазнадар. Очерк истории современой курдсой литературы. М., 1967

–Курдоев К.К. Курдоведение // Азиатский музей — Ленинградское отделение Института востоковедения АН СССР. М.: Наука, ГРВЛ, 1972.

– Юзбашян.К.Н. Академик Иосиф Абгарович Орбели. М.,1964

– Паллас П.С. Сравнительные словари всех языков и наречия. СПБ. Часть первая. 1787.

–Паллас П.С. Сравнительные словари всех языков и наречия. СПБ. Часть Вторая. 1789.

## سێیەم: یادداشت وبیرەوەری

– حەیدەری، جەمشید ،(2020)، لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم 1949–1991، ب1، چ1، چاپخانەی ماد، هەولێر .

– حیسامی، کەریم(2018) ، لە بیرە وەرییەکانم، ب3، بێ شوێنی چاپ.

– خەزنەدار، مارف( 2010) ،ڕۆژگاری من ژیانی  روسیا ب3،(A) 1960–1968، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

–خەزنەدار، مارف،( 2010)، ڕۆژگاری من ژیانی روسیا، ب4 (B)1960–1968،  ، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

–عەبدوڵلا، غەفور ،(2013)، سەربردەی جوگرافیازانێکی کوردستانی، ب1، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

–قەفتان، کاوس،( 2009)، بیرەوەری چەند روداوێک لە ژیانما 1933–2008، چ1، سلێمانی.

## چوارەم: نامەو تێزی زانکۆیی

### أ–ماستەر

– عەبدوڵلا، هەمزە ئەحمەد،(2022)، هەژار موکریانی: ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشەنبیری 1921–1991، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

### ب–تێزی دکتۆرا

### به زمانی کوردی

– حەمەد، پەیوەند محەمەد،(2024)، ڕەنگدانەوەی ماتریالیزمی مێژوویی لەسەر مێژوونووسی کوردی، توێژینەوەکی شیکاریی چەندێتییە، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب– زانکۆی سۆران.

– محەمەد ئەمین، سیپەل سالم،(2024)، کوردوکوردستان د ڕۆژنامەڤانییا دا ل چەرخێ نوزدێ زایینی (ڤەکۆلینەکا دیرۆکی یە)، تێزا دکتورایێ کۆلیژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆک.

### به زمانی ڕووسی

–Маруф Хазнадар. К истории курдсой литературы (конец XIX – первая половина XX вв.). Канд. дисс. Л., 1963

–Аль–Хайдари Джамшид Хайдар Ассим. История развития современой курдской худжественной прозы в Иракн (1925–1960 годы). Канд. дисс. Л., 1979

## پێنجەم: چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی.

### أ–چاوپێکەوتن

– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ئارام عەلی مستەفا، 29 ئەیلول 2024، هەولێر.

– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ئیسماعیل محەمەد حەساف، 22 تەمووز 2024،هەولێر.

–چاوپێکەوتن لەگەڵ د. بنیاد مارف خەزنەدار، 10 ئاب 2024، هەولێر.

–چاوپێکەوتن لەگەڵ د.جەمشید حەیدەر حەیدەری 26 ئاب2024، هەولێر.

–چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم،26 ئاب2024 هەولێر.

–چاوپێکەوتنی تۆمار کراو لەگەڵ د. مارف خەزنەدار، 24 شوبات 2006، هەولێر.

– چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری، 27 ئاب 2024، هەولێر

### ب–پەیوەندی تەلەفۆنی

– پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ د. ئەنور قادر محەمەد، 25 ئاب 2024، سوید.

– پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ د. جەبار قادر، 13 تەمووز 2024، هۆڵەندا.

– پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ غازی ئیبراهیم یەعقوب،7 تەمووز 2024 ، فیلەنندە.

## شەشەم: گۆڤار

### أ–بەزمانی کوردی

– سدیق، زرار(2022) مەلا مەحمودی بایەزیدی و هەردوو دەستخەتی( تەصریف)ی عەلیی تەرەماخی و (در المجالس) ی مەلا موسای هەکاری، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ، (51).

–رەحمان،حسن،قارەمان حەیدەر،(2024)، ئارەزو یوسف، ڕەنگدانەوەی دۆزی کوردی لە ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سەلاحەدین،ژ(3).

–یوسوپۆفا، زارێ ،(2012)، مێژووی کوردناسی لەئینستیتوتی دەستنووسەکانی ڕۆژهەلات (کوردۆلۆجیا لە ساڵانی (1959–2005)، و، ،پ، جەبار قادر.، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ، (23).

### ب– بەزمانی عەرەبی

– بیجان، امانج ناظم(2024)، یفغینیا الینیجنا فاسیلیفا،1935–2023 ودورها في تدوین تاریخ الکرد وکردستان، گۆڤاری مێژوناسی،ژ، (6)..

– حصاف، اسماعیل محمد(2010) عرض ببیلوغرافي موجز للمسیرة العلمیة لنخبة من الباحثین في الکوردولوجیا السوفیاتیة خلال سنوات (1959–1990) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ، (16).

– الحیدري، جمشید(1984)، تاریخ تطور النثر الکردي في العراق، مجلة دراسات کردیة، باریس، ع(1).

– معروف، عبدالرحمن(1985) موجز تاریخ وضع القوامیس الکردیة ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، دەستەی کورد، ع(13).

### - توێژینەوە بە زمانی ڕووسی

–А.Н. Бижан. Изучение курдов в россиийкой импеерии в XIX веке// Общетва ивласть в кнтексе стории, Политологии, Социологии. Материалы Пятнадцатой региональ–ной научной конференции (г. Воронеж, 9 февраля 2021 г.) / под общ. ред. В.Н. Глазьева. – Воронеж: Издательский дом ВГУ, 2021

–Бижан Аманж Надим Бижан. Труды Е.И Васильевой по Курдоведению// Студенческая наука как ресурс инновационного потенциала развития. VIII международная студенческая научная конференция (Воронеж, 29 мая 2019 г.). Материалы и доклады. Часть I. Воронеж. ИМО ВГУ. 2019.

–Аманж Надим Бижан БИЖАН. Курдоведение в России в начале XX веке// Вестник Тамбовского университета. Серия: Гуманитарные науки. – Тамбов, 2021. – Т. 26, № 1 90.

**دور قسم الكوردي في معهد الإستشراق الأكاديميّة العلميّة في سان بطرسبورغ في مجال الدراسات التاريخيّة (1959- 1985)**

**شاخەوان عبدالله صابر**
قسم التاريخ/ فاكلتی اداب/ جامعه سوران، اربيل، العراق
Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

**الملخص**
المستشرقون والمختصون بالدراسات الكوردية في روسيا ومن ثمَّ السوفييت يُعدّون في مقدمة الدول الأوروبية من ناحية البحوث والدراسات في مختلف المجالات كالتاريخ، الأدب، اللّغة، التراث الكوردي. بداية اهتمام السلطات الروسيّة بهذا المجال بشكل ملحوظ يعود الى عشرينات القرن التاسع عشر حيث أدى القنصل الروسي أليكسندر أوكست شابا (1801-1894م)، دوراً كبيراً في هذا الجانب في أرضروم بمساعدة من ملا محمود البايزيدي وذلك بجمع المخطوطات النادرة عن اللغة والأدب الكوردي. ثم بعد ذلك كانت محاولات المستشرقين: ف. ديتيل، بيوتر ليرخ، خاجاتور آبوفيان، وآخرين غيرهم، بعد ذلك المختصون بالدراسات الكوردية كل من فلاديمير مينوروسكي، باسيل نيكيتين، يوسف أبكاروفيج أوربيلي وآخرين قدّموا خدمات جليلة في مجال البحث في الدراسات الكوردية. في عام 1959م أخذت المحاولات في هذا المجال بعداً أكبر وأصبحت أكثر تنظيماً بعد افتتاح قسم الدراسات الكوردية (كوردولوجي) في معهد الإستشراق الأكاديمية العلمية في سان بطرسبورغ بعد الاهتمام بمجال تلك الدراسات بطريقة علمية وفي إطار مؤسسة علمية رسمية. هذا البحث هو محاولة لإظهار دور هذه المؤسسة العلمية وتأثيرها في الفترة ما بين (1959 – 1985م) حيث أنه بمساعدة المختصين في الدراسات الكوردية وأيضاً أصدقاء الكورد أصبحت تلك المؤسسة مركزاً علمياً للبحث في مجالات التاريخ والادب واللغة والحياة الاجتماعية والتراث الكوردي.

**الكلمات المفتاحية:** الدراسات الكوردية، خزندار، اوربيلي، رودينكو، فاسيليفا.

**The Role of the Kurdy Dept at the Institute of Oriental Studies of the Academy of Sciences in St. Petersburg in the Field of Kurdish Studies between1959-1985**

**Shakhawan Abdullah Sabir**
Soran University Faculty of Arts, Erbil, Iraqi
Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

**Abstract**
Russian Orientalists and Kurdologists and later the Soviet Union are at the forefront of European countries in the field of research in various fields of Kurdish history ،literature and culture. The beginning of the interest of the Russian authorities in this field goes back significantly to the twenties of the nineteenth century. In this regard ،the Russian Consul in Erzurum Alexander August Zhaba (1801-1894) with the help of Mullah Mahmud Bayazidi played a major role in the collection of rare manuscripts on Kurdish language and literature ،followed by the efforts of Orientalists (F. Dietel, Pyotr Lerch, Khachator Abovian, and many others, and then each of the Kurdish scholars Vladimir Minorsky, Basil Niketin, and Yusuf Abgarovich Orbili. In 1959 he made great strides in the field of Kurdistan Studies ،and in 1959 he made efforts in this field with the opening of the Department of Kurdistan at the Oriental Institute, When the interest in the field of Kurdology in its scientific form is more organized within the framework of a formal scientific institution. This research is an attempt to show the role and influence of this scientific institution during the years 1959-1985 which became an important scientific center for research in the fields of Kurdish history ،literature ،language ،social life and culture.

Keywords, Kurdology, Treasurer, Orbili, Rodenko. Vaselepha